# سەرسورهێنەرەکانی قورئان

د. گاری میلر

وەرگێرانی : ماهر بشیر بکر

٢٠٠٩

سەرسورهێنەرەکانی قورئان بابەتێك نین کەبە تەنها لەلایەن موسڵماناوەوە بانگەوازی بۆ کرابێت، ئەوانەی کە ڕێزو بەها بۆ ئەو پەرتووکە دادەنێن و دڵخۆشن پێی ،بەلکو لەلایەن بێباوەڕەکانیشەوە قورئان بە پەرتووکێکی سەرسورهێنەر دادەندرێت. لەڕاستیدا خەڵکانێکی زۆر هەن کە ڕکیان لە ئایینی ئیسلام دەبێتەوە، بەڵام تاکو ئێساش قورئان بە سەرسورهێنەر ناوزەند دەکەن.

د. گاری میلر

# ناوەڕۆکی ئەم پەرتووکە


- پێشەکی.
- بازرگانی دەریا.
- بچوکترین شت.
- هەنگوین.
- پێغەمبەر محمد(د.خ) و قورئان.
- ڕێبازی زانستی لە قورئاندا.
- بەڵگەی هەڵخەڵەتاندن.
- لە زانایان بپرسە.
- زانستی کۆرپەلەناسی
- کاردانەوەی گومانلێکراوان.
- جیۆلۆجی.
- پێشتر ئەوەت نەزانی بوو!.
- سەلماندنی ڕاستیەتی.
- ڕێبازەکەی.
- بەکارهێنانی بەدیلەکانی.
- گرفتی ڕەخنە.
- سروشێک – أبو لەهەب –
- کۆچ کردن.
- ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ وەزیرێکدا.
- سەرچاوەی قورئان.
- دەروونناسی.
- پەرتووکی کاسۆلیکی نوێ.
- گەواهی نامەی ژیری.
- بەرپرسیاریەتی سەلماندنی ڕەخنە.
- بنچینەی ژیان و دنیا.
- ووتووێژی زیاتر لەسەر بەڵگەی هەڵخەڵەتاندن.
- خەڵکی ئەم پەرتووکە.
- ڕێبازی ما تماتیکی.
- مێینەی مێشهەنگووین.
- خۆر
- کاتی وولاتان
- کۆتایی.
  - پاشکۆی یەکەم
  - پاشکۆی دووەم

# پێشەکی...

ئەوەی کە بێباوەڕان سەرسام دەکات، بە تایبەتی ئەوانەی کەلە نزیکەوە بە ووردی سەیری قورئان دەکەن، ئەوەیە کە ئەم پەرتووکە بەو جۆرە دەرناکەوێت کە ئەوان چاوەڕوانی لێدەکەن و پێیان خۆشە. ئەوەی کە بێباوەڕان پێشبینی لێدەکەن ئەوەیە کە قورئان بە پەرتووکێکی کۆن لەقەڵەم دەدەن و دەیگێرنەوە بۆ چواردە سەدە پێش ئێستا لە بیابانی (دوورگەی ) عەرەبیدا. پێشبینیان دەکرد کە ئەو قورئانە دەبێت وەکو پەرتووکێکی کۆنی بیێت لەو بیابانەدا. بەلآم دواتر بۆیان دەرکەوت کە ئەو قورئانە ئەو پەرتووکە نیە کە ئەوان پێشبینیان لێدەکرد. سەرەای ئەمەش، یەکەمین شت کە هەندێك خەڵك پێشبینی دەکەن ئەوەیە کە لەبەر ئەوەی قورئان پەرتووکێکی کۆنەو لە بیابانەوە سەری هەڵداوە، بۆیە دەبێت باسی بیابانەکان بکات. بەڵێ ڕاستە قورئان باسی بیابان دەکات، بەلآم لەگەڵ ئەوەشدا باسی دەریاش دەکات وەکو ئەوەی کەلە ناو گەردەلوولی دەریادا بێت وایە.

# بازرگانی دەریا :

چەند سالأنێك لەمەو بەر، لەلای ئێمە لە تۆرۆنتۆ –کەنەدا- گەردەلولێك هەڵی کردوو و پیاوێکی بازرگانی دەریایی لەگەڵ خۆیدا هێنا ( بۆ تۆرۆنتۆ ) ، کە ئەم گەردەلووە وای لێکردبوو ئەم پیاوە لە دەریادا ژیان بەسەر ببات. موسڵمانێکیش تەفسیرێکی قورئانی پێبەخشی بۆ ئەوەی بیخوێنێتەوە. ئەو بازرگانە دەریایەش هیچ زانیاریەکی دەربارەی مێژووی ئیسلام نەدەزانی. بەلأم خۆشی لە خوێندەوەی قورئان وەردەگرت. کاتێك لە خوێندەوەی قورئانەکە تەواو بوو، قورئانەکەی گەڕاندەوە بۆ موسڵمانەکەو لێی پرسی : " ئەو محمدە ( د.خ ) ئایا دەریاوان بوو؟ چونکە تێگەیشتبوو لەوەی کە چۆن قورئاندا بە ووردی باس لە گەردەلولی دەریادا دەکات. کاتێکیش موسڵمانەکە پێی فەرموو : لە ڕاستیدا محمد ( د.خ ) لە بیاباندا ژیاوە " ، کە ئەمەش وەلأمێکی تەواو و بەس بوو بۆی، بۆیە دەسبەجێ ئیسلامی لە باوەش گرتو موسڵمان بوو.

ئەو بازرگانە وەسفەکانی قورئانی لە مێشکی خۆیدا چاپ کربوو چونکە لەبەر ئەوەی لەناو گەردەلولی دەریادا ژیابوو، دەیزانی کە هەریەکێك ئەو وەسف کردنەی نوسیبێت ئەوە دەبێت کەسێك بووبێت کە لەناو ئەو گەردەلولەدا ژیابێت. ئەو وەسف کردنەی کە دەڵێ " شە پۆڵ لەسەر شە پۆڵ بدات بەسەریدا، لە سەرِوشیەوە هەور دایگرتبێت " ﴿ س – النور – ٤٠ ﴾، ئەمە وەسف کردنی کەسێك نیە کە پێشبینی گەردەلولی دەریا دەکات کە وابێت بۆ ئەوەی بینوسێتەوە، بەلکو ئەم وەسف کردنە نوسراوەتەوە لەلایەن کەسێکەوە کە دەزانێت گەردەلولی دەریا چۆنەوە چون دەبێت. ئەمەش نمونەیەکە لەوەی کە چۆن قورئان ناتواندرێت ببەسترێتەوە بە کات و شوێنی دیاری کراو. بێگومان بیرو بۆچونە زانستیەکانیش دەریان خستووەو سەلمانودیانە کە سەرچاوەو ڕەگو ڕیشەی قورئان پێناچێت لە بیابانەوە بوبێت چواردە سەدە لەمەوبەردا.

# بچوکترین شت :

پێش دەستپێکردنی پێغەمبەرایەتی محمد ( د.خ ) بە چەندەها سەدەدا، بیردۆزێکی بەناوبانگی گەردیلەیی هەبوو کە لەلایەن فەیلەسوفی یۆنانی – دیمۆ کریوتس –داهێندرابوو. خۆی و ئەو کەسانەی کەلە دوای ئەو هاتن بڕوایان وابوو کە گەرد لە شتێکی زۆر بچووك پێکهاتووە کە ناتواندرێت دابەش بکرێت و وەسف بکرێت کە پێی دەڵێن ئەتۆم. هەروەها عەڕەبەکانیش بەبەردەوامی مامەڵەیان لەگەڵ ئەو بیردۆزەدا دەکردو بڕوایان پێی هەبوو. لە ڕاستیدا ووشەی عەرەبی ( **ذرّة** ) بە زۆری بەکاردەهات بۆ بچوترین گەردیلەی ناسراو لەلایەن ئادەمیزادەوە. بەلأم زانستی سەردەم و پێشکەوتوو دەریان خستووە کە بچوکترین یەکەی گەردیلەی وەك ئەتۆم هەموو تایبەتمەندیەکانی وەکو توخمەکانی وایە کە دەتواندرێت دابەش بکرێت بۆ بەشە پێکهاتووەکانی . ئەمەش بیردۆزێکی نوێیە، ئەو پێشکەوتنەی کەلە سەدەی ڕابردوودا هاتە کایەوە، تاکو ئێستاش بە بایەخی و گرنگیەوە سەیری ئەو بیردۆزە تازەیە دەکات. بەلأم ئەو زانیاریانە زۆر لە مێژە لە قورئاندا ئاماژەو دۆکیومێنت کراووە. لە سوڕەتی ﴿ السبأ – ٣ ﴾ ئاماژە دەکات بەوەی کە " ئەو زاتە ( خوا ) زانایە بە ئەندازەی کێشی گەردیلەیەك لە ئاسمانەکان و زەویدا، هەروەها لەویش بچووکتر..... " . بێگومان چواردە سەدە پێش ئێستا ئەو ووتەیە ووتەیەکی نامۆ و شاز بوو تەنانەت بۆ موسڵمانانیش. ووشەی ( **ذرّة** ) کە بچووکترین شت بوو بوونی هەبوو. لە ڕاستیدا ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە قورئان ماوەی بەسەر ناچێت ( کۆن نابێت ) وە لەکاریش ناکەوێت.

# هەنگوین :

نمونەیەکی تر لەوەی کە کەسێك لەوانەیە پێشبینی بکات بیدۆزێتەوە لە ناو پەرتووکێکی کۆنی ( وەك قورئان ) ئەوەیە کە ئاماژە بۆ بابەتەکانی تەندروستی دەکات کە بە چارەسەری کۆن و لەکارکەوتووی دادەنێت. سەرچاوەکانی مێژووی جۆراوجۆر ئاماژە بەوە دەکەن کە پێغەمبەران هەندێك ڕێنماییان بەخشیووە لە بارەی تەندروستی و پاکو خاوێنییەوە. بەلام تاکو ئێستا زۆربەی ئەو ڕێنماییانە لە قورئاندا ئاماژەیان بۆ نەکراوە. بێباوەڕانیش هەرکە چاو بە قورئاندا دەخشێنن، پێیان وایە کە ئەم لایەنە فەرامۆشکراوەو لادراوە. ناتوانن تێبگەن لەوەی کەوا بۆچی پەروەردگار ئەو زانیاریە بەسوودانەی لە قورئاندا باس نەکردووە. هەندێك لە باوەڕداران هەوڵ دەدەن کە نەبوونی ئەو زانیاریانە لە قورئاندا بگەڕێننەوە بۆ ئەو فاکتەرانەی خوارەوە:

هەرچەندە ڕێنمایی پێغەمیەران دیارەو پەیوەستە بەو کاتەی کە تێیدا ژیاوون، پەروەردگار بە ژیری و دانایی بێپایانی خۆی زانیویەتی کە سەردەم و زەمانێکدا دێت کە پێشکەوتنە زانستی و پزیشکیەکان وادەکەن هەندێك لە ڕێنمایەکانی پێغەمبەران کۆن بن و لەکار بکەون. ئینجا کاتێك کە داهێنانێك دێتە کایەوە، خەڵکی لەوانەیە بڵێن ئەو زانیاریانە بە درۆ دەخەینەوە کە پێغەمبەران ووتویانە. بۆیە، هەر لەوکاتەوە پەروەردگار هیچ دەرفەتێکی بە بێباوەڕان نەداوە کە ڕەخنە لە بە درۆخستنەوەی قورئاندا یاخود ڕێنمای و ئامۆژگاریەکانی پێغەمبەراندا بگرن. پەروەردگار لە قورئاندا تەنها ئەو زانیاری و نمونانەی باس کردووە کە دەتوانن خۆیان بگونجێنن لەگەڵ سەردەم و کاتدا.بەلام کاتێك یەکێك بە ووردیەوە سەیری ڕاستی قورئان دەکات لەو ڕوانگەیەی کە قورئان سروشێکی ( وەحییێکی ) ئاسمانیە، ئەوە دەسبەجێ ئەو بابەتە زیندووانە تێکەلاوی هەڵوێستە دروستەکەی دەبێت وەهەروەها هەڵەی ئەو گفتوگۆیانەی بۆ ڕوون دەبێتەوە و دەتوانێت تێیان بگات.

پێویستە بزاندرێت کە قوورئان سروشێکی ئاسمانیە، بۆیە هەموو ئەو زانیاریانەی کە تێیدا هاتوون سەرچاوەکەی ئاسمانین ( خوایین ). پەروەردگار لە خودی خۆیدا قورئانی دابەزاندووە. قورئان ووشەی پەروەردگارە، کە پێش دروستبوونی (قورئان) ئەو ووشانە بوونیان هەبووە. بۆیە ناتواندرێت هیچ شتێکی لێ زیادبکرێت، دەربهێندرێت یان بگۆڕدرێت. لە بنەڕەتدا قورئان بوونی هەبووە و تەواو بووە پێش ئەوەی پێغەمبەر محمد (د.خ) هەبوبێت. کەواتە ناتواندرێت هیچ ووشەیکی تایبەتی پێغەمبەر یاخود ڕێنمایی و ئامۆژگاریەکانی لەخۆ گرتبێت. لەخۆگرتنی ئەو زانیاریانەش بەڕاشکاوی بەرپەرچی ئەو مەبەستانە دەداتەوە کە قورئان بۆ کام مە بەست دابەزیووەو بوونی هەیە، سازشی دەسەلاتی دەکات و وای لێ دەکات کە ڕاست و ڕەسەن نەبێت وەکو سروشێکی خوایی.

سەرئە نجام، هیچ چارەسەریکی دروست نیە لە قورئاندا کە کەسێك بتوانێت بانگەشەی بۆ بکات کە کۆن و لەکارکەوتووە، هەروەها قورئان بیروبۆچونی ئادەمیزادی تێدا نیە دەربارەی ئەوەی کە کام شت باشەو سوودی هەیە بۆ تەندروستی، یان کام خواردن باشە کە بیخۆی، یاخود کام دەرمان باشەو چارەسەرە بۆ ئەو نەخۆشیە. لە ڕاستیدا، قورئان تەنها باسی لە یەك مادده (بابەت) کردووە کە پەیوەستە بە چارەسەرکردنی پزیشکی، وە هیچ کەسیش ناتوانێت ململانێی لەگەڵدا بکات لەسەر ئەو بابەتەدا، ئەو بابەتەش کە قورئان ئاماژەی بۆ کردیە بریتیە لە هەنگوین، لە خواردنیدا چاك بوونەوە ( شفاء) هەیە. دلنیاشم لەوەی کە هیچ کەس نیە قسەی لەسەر ئەم بابەتە هەبێت ! .

# پێغەمبەر محمد (د.خ) و قورئان :

گەر یەکێك پێی وابێت قورئان بەرهەمی بیروبۆچوونی ئادەمیزادە، دەبێت پێشینی ئەوەش بکات کە هەندێك ڕەنگدانەوەی لەسەر بیروبۆچوونی ئەو ئادەمیزادەدا هەیە کە دایناوە. لە ڕاستیدا ئینسایکلۆپێدیای ( پەرتووکی بەڵگەداری ) و پەرتووکە جۆر بەجۆرەکانی تر بانگەشەی ئەوە دەکەن کە قورئان بەرهەمی بێهۆشیە کە محمد ( د.خ ) چێشتوویەتی. ئەگەر ئەو بانگەشەیە ڕاست بوایە، کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەندێك گیروگرفتی سایکۆلۆجی لە مێشکی محمدا ( د.خ ) هەبووە، ئەوە بەڵگەی ئەو ڕاستیە دەبوایە لە قورئاندا دەربکەوتایە. جا ئایا ئەو بەڵگانە هەن لە قورئاندا ؟ بەمەبەستی دیاریکردنی کە ئاخۆ هەن یاخود نا، پێش هەموو شتێك دەبێ ئەو کەسە ئەو شتە دیاری بکات کە دەیەوێت لەو کاتەدا لە بیری خویدا بنێت، پاشان، بەدوای ئەو بیرۆکانە و ڕەنگدانەوەیان بگەڕێت لە قورئاندا.

زانیاریەکی گشتی یە ( هەموو کەس دەیزانێت ) کە محمد ( د.خ ) ژیانێکی سەختی هەبووە. هەموو منداڵەکانی پێش خۆی مردن تەنها یەکێکیان نەبێت. بۆ چەندەها ساڵ هاوسەرێکی هەبووە کە زۆر خۆشەویست و گرنگبووە بۆی، هاوسەرێك کە نەك تەنها پێش مەرگی کەوت، بەڵکو لە کاتێکی زۆر هەستەوەرو گرنگدا کۆچی دوایی کرد. لەڕاستیدا، ئەو هاوسەرەی پێغەمبەر بە هەموو مانای ووشە ئافرەت بوو چونکە لەو کاتەی کە پێغەمبەر یەکەم وەحی بۆهاتە خوارەوە، گەڕایەوە ماڵەوە بۆلای ئەو هاوسەری و زۆر دەترسا. بێگومان ئەگەر بێتو ئەمرۆ کەسێك تووشی حاڵەتێکی ناخۆشو دژوار بێت وە هەوڵ بدات کەسێکی تر بدۆزێتەوەو پێی بڵێت : " من لە ترسان ڕام کرد بۆ ماڵەوە بۆلای خێزانەکەم " ئەوە کەس ناتوانێت بەو جۆرە بێت. بەڵام پێغەمبەر هەستی بە دڵخۆشیەکی زۆر دەکرد لەگەڵ ئەو هاوسەرەیدا بۆ ئەوەی بتوانێت کارەکەی ئەنجام بدات. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئەو ئافرەتە، ئافرەتێکی بەهێزو کاریگەر بووە. لەگەڵ ئەوەی کە ئەو بابەتانە چەندی بابەتێکی کەمن کەلە بیرو هۆشی پێغەمبەردا هەبووینە، بەڵام بەسن لە خەستی و چڕیدا بۆ سەلماندنی ووتەکانم.

قورئان ئاماژەی بە هیچ یەك لەو بابەتانە نەکردووە، نە کۆچی دوایی منداڵەکانی، نە کۆچی دوایی هاوەڵە خۆشەویستەکانی، نە کۆچی دوایی خێزانی، نە ترسانەکەی لە وەحی یەکەم جاری، کە زۆر بە جوانی بەشداری کرد لەگەڵ هاوسەرەکەی، هیچ شتێك لەوانە ئاماژەیان بۆ نەکراوە لە قورئاندا. بەڵام ئەو بابەتانە دەبوایە ئازاری بدەن، بێزاری بکەن، ببنە مایەی ناخۆشی و خەمۆکی لە ماوەی ژیانیدا. بۆیە، گەر قورئان بەرهەمی ڕەنگدانەوەی سایکۆلۆجی محمد ( د.خ ) بوایە، ئەوە دەبوابە ئەو بابەتانەو ئەوانی تریش باو بان یاخود بەلایەنی کەمەوە باسکرابان لە قورئاندا.

# ڕێبازی زانستی لە قورئاندا :

لەڕاستیدا، ڕێبازی زانستی لە قورئاندا کارێکی گونجاوە دەکرێت، چونکە قورئان بە شێوەیەکە گشتی شتێکی تایبەتی پێشکەش کردووە کەلە پەرتووکی پیروزی ئایینەکانی تردا پێشکەش نەکراون. ئەمەش داخوازی زانایانە. ئەمڕۆ خەڵکانێکی زۆر هەن کە بیرو بۆچون و بیردۆزیان هەیە دەربارەی چۆنیەتی بەڕێوەبردن و کارکردنی گەردوون. ئەو خەڵکانەش لەهەموو شوێنێکدا باسی دەکرەن، بەڵام زانایان بێزاربوون لە گوێ گرتن لەو خەڵکانە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئەو زانایانە لە سەدەی ڕابردوودا بەو خەڵکانەیان گووت : ئەگەر بیردۆزێکتان هەیەلەسەر ئەو بابەتە، بێزارمان مەکەن بەو بیردۆزە هەتا لەگەڵیدا ڕێگایەکمان پیشان دەدەن کە دەیسەلمێنێت ئاخۆ ئێوە ڕاست دەکەن یاخود هەڵەن.

ئەو جۆرە بەڵگانەش بە تەواوەتی لەبەر ئەوەن کە بۆچی زانایان گوێیان گرت و بایەخیان بە ئەنشتاین دا کاتێك کە بەرەو دەست پێکردنی ئەم سەدەویە دەڕۆیشتن. ئەنشتاین بیردۆزێکی تازەی داهێناوە کە دەڵێت : بڕوام وایە کە گەردوون وەك ئەمە کار دەکات ( نوسەر باسی بیردۆزەکەی بە تەواوەتی

نەكردووە ) ، سێ ڕێگاش هەن بۆ سەلماندنی ئاخۆ من ڕاست دەكەم یاخود هەڵەم ؟ بۆیە، زانایان بیردۆزی ئەنشتاینیان كردە بەڵگەو لەملوەی شەش ساڵدا سەلماندنیان كە هەرسێ ڕێگاكەی ( بیردۆزەكەی ) ڕاست بوون، بەڵام ئەمە نایسەلمێنێت كە ئەنشتاین بلیمەت بوو، بەڵكو ئەوە دەسەلمێنێت كە شایانی ئەویە گوێی لێ ڕابگیرێت چونكە ئەو دەڵێت " ئەوە بیرۆكەی خۆمە، ئەگەر تۆش دەتەوێت هەوڵ بدەیت كە هەڵەی من بسەلمێنیت، ئەوە ئەم كارو ئەم كار ئەنجام بدە " .

ئەمەش بەتەواوەتی ئەوەیە كە قورئان بە بەڵگەی هەڵخەڵەتاندن دایدەنێت. هەندێك لەوانە كۆنن ( لەمەشدا، سەلماندوویانە كە ئەمە ڕاستە ) . وەهەروەها هەندێكیش تاكو ئەمڕۆش بوونیان هەیە. بە شێوەیەكە گشتی باسكراوە كە " ئەگەر ئەم پەرتووكە ( قورئان ) ئەوە نەبێت كە بانگەشەی بۆ دەكرێت، ئەوە ئەو كارەی كە پێویستە ئەنجامی بدەیت ئەوەیە كە هەر كارێك بكە بیسەلمێنە كە ئەمە درۆیەو ڕاست نیە " . بێگومان، لە ماوەی ( ١٤٠٠ ) ساڵدا هیچ كەس نەیتوانیووە ئەو كارە بكات. بۆیە هێشتا هەر بەڕاست و ڕەسەن دادەندرێت.

# بەڵگەی هەڵخەڵەتاندن :

من پێشنیارێكت بۆ دەكەم، ئەگەر هاتوو جارێكی تر كەوتیە ناو گفتوگۆ لەگەڵ كەسێكدا دەربارەی ئیسلام، وە ئەو كەسەش دەیگووت من لەسەر حەقمو تۆ هەڵەی، ئەوە واز لەهەموو ئەو گفتوگۆیانە بهێنەو ئەو پێشنیارەی بۆ بكەو پرسیارێكی ئاراستە بكە : "ئایا هیچ بەڵگەیەكی هەڵخەڵەتاندن لە ئایینەكەی تۆدا هەیە ؟ وە ئایا هیچ شتێك لە ئایینەكەی تۆدا هەیە بیسەلمێنێت كە تۆ هەڵەی گەر هاتو من توانیم بیسەلمێنم بۆت كە هیچ شتێكی وا لە ئایینەكەی تۆدا بوونی نیە ؟ " كەواتە، هەر لە ئێستاوە من پەیمانت پێدەدەم كە خەڵك هیچ شتێكی وایان نیە، نە بەڵگە، نە سەلماندن، نە هیچ شتێكی تر. ئەمەش لەبەر ئەوەیە كە ئەوان لە دووری ئەو بیرۆكەیە ناسوڕێنەوە كە پێویس ناكات ئەمڕۆ بڕوا بە چی دەكەن، بەڵكو پێویست دەكات كە دەرفەتێك بە كەسانی تر ببەخشرێت بۆ ئەوەی بیسەلمێنن كە ئەوان لە هەڵەدان، بەڵام ئیسلام ئەم كارە دەكات.

باشترین نمونەش لەوەی كە چۆن ئیسلام دەرفەت بە ئادەمیزاد دەبەخشێت بۆ ئەوەی ڕاستی و هەڵە بسەلمێنێت ئەوەیە كە لە سوڕەتی چوارەمینی قورئاندا ئاماژەی بۆ ئەمە كردووە. لەڕاستیدا زۆر سەرسام بووم كاتێك بۆ یەكەمین جار ئەو بەرەنگاربوونەوەیەم دۆزیەوە كە لە ﴿ س – النساء – ٨٢ ﴾ باس دەكات كە :

" ئەوە بۆ ئەوانە سەرنجی قورئان نادەن و لێكی نادەنەوە و لێی ووردنابنەوە ؟ خۆ ئەگەر لەلایەن كەسێكی ترەوە بوایە جگەلە خوا بێگومان جیاوازی و دژایەتیەكی زۆریان تێدا دەدۆزیەوە " .

ئەمەش بەرەنگاربوونەوەیەكی بە هێزو گەورەیە بۆ بێباوەڕان. بە شێوەیەكی سەرەكی،بانگەشەیان دەكات بۆ ئەوەی كە هەڵەكانی ( قورئان ) بدۆزنەوە. لە ڕاستیدا، ڕاستی و دژواری ئەو بەرەنگاربوونەوەیە لەلایەك دابنێ، پێشكەش كردنی ڕاستی ئەو جۆرە بەرەنگاربوونەوەیە لە یەكەم شوێندا نەك هەر لە سروشتی مرۆڤدا نیە بەڵكو دژی كەسایەتی ئادەمیزادیشە. كەسێك كە تاقیكردنەوەی ئەنجام نەدابێت وەدوای تەواو بوونی تاقیكردنەوەكەش تێبینیەكانی خۆی بنوسێتەوەو بیدات بە مامۆستاكەو پێی بڵێت : " ئەو تاقیكردنەوەیە زۆر باش بوو. هیچ هەڵەیەكی تێدا نەبوو. ئەگەر دەتوانی هەڵەیەكی تێدا بدۆزەوە ! ". هیچ كەس ناتوانێت ئەو كارە بە تەنیا بكات. مامۆستاكەش ناخەوێت تاكو هەڵەیەك نەدۆزێتەوە ! . بەڵام ئەمەش هەمان ئەو ڕێگایەی قورئانە كە خەڵك نزیك دەكاتەوە.

# له زانایان بپرسه :

هه‌ڵوێستێکی تری گرنگ که‌له قورئاندا ئاماژه‌ی بۆ کراوه وه‌به به‌رده‌وامی ئامۆژگاری به خوێنه‌رانی ده‌به‌خشێت. قورئان ئاگاداری خوێنه‌ران ده‌کاته‌وه ده‌رباره‌ی ڕاستیه جۆربه‌جۆره‌کان و دواتر ئامۆژگاریان ده‌کات که " ئه‌گه‌ر ده‌خوازن زۆر شت بزانن ده‌رباره‌ی ئه‌و بابه‌ت و ئه‌م بابه‌ت، یاخود گه‌ر گومانیان هه‌یه له‌وه‌ی که ووتراوه، ئه‌وه ده‌بێ پرسیار له وانه بکه‌ن که خاوه‌نی زانست و زانیارین " . ئه‌مه‌ش هه‌ڵوێستێکی تری سه‌رسوڕهێنه‌ری قورئانه. شتێکی ئاساییه که په‌رتووکێك داندرابێت له‌لایه‌ن که‌سێکه‌وه به‌بێ مه‌شق کردن له‌سه‌ر جوگرافیا، ڕووه‌ك ناسی، جیۆلۆجی..یاخود هه‌ر بابه‌تێکی تر، دواتر ئامۆژگاری خوێنه‌رانی ده‌کات که ئه‌گه‌ر هاتوو گومان یا هه‌رپرسیارێکیان هه‌بوو ئه‌وه ده‌توانن ئاراسته‌ی پسپۆران و شاره‌زایانی بکه‌ن. به‌ڵام ئه‌مه دۆزینه‌وه‌یه‌کی سه‌رسورهێنه‌ره. گه‌ر بێتو یه‌کێك سه‌یری کاره‌کانی زانایانی ئیسلام بکات پێش چه‌نده‌ها سه‌ده له‌مه‌و به‌ردا، ئه‌وه بۆی ده‌رده‌که‌وێت که کاره‌کانیان پڕبووه له ده‌سته‌واژه‌ی وه‌رگرتوو له قورئاندا. ئه‌و کارانه‌ش ئاماژه‌یه‌کن بۆ ئه‌وه‌ی که ئه‌وان لێکۆڵینه‌وه‌یان له‌و شوێنه‌دا ئه نجامداوه، به‌دوای ڕاستیه‌کاندا گه‌ڕاوون. هه‌روه‌ها سه‌لماندوویانه‌وه و جه‌ختیان له‌سه‌ر کردۆته‌وه که ئه‌و هۆکارانه‌ی به دوایدا گه‌ڕاوون لێره‌و له‌وێ، ئه‌وه ئه‌و ڕاستیانه بووه که‌له قورئاندا ئاماژه‌یان بۆ کراوه.

بۆ نمونه، قورئان ئاماژه‌ی بۆ ڕه‌سه‌نی (ئه‌صلی) ئاده‌میزاد کردووه، پاشان به خوێنه‌ران ده‌فه‌رموێت : " لێکۆڵینه‌وه‌ی له‌سه‌ر بکه‌ن " قورئان ده‌رفه‌تی به خوێنه‌ران داوه که سه‌یر بکه‌ن و دواتر فه‌رمویه‌تی که ده‌بێت یه‌کێك هه‌بێت زۆر شت بدۆزێته‌وه ده‌رباره‌ی ئه‌مه. ئه‌مه‌ش ئه‌و جۆره بابه‌تانه‌یه که ئه‌مڕۆ موسڵمانان به شێوه‌یه‌کی زۆر پێده‌چێت که فه‌رامۆشیان کردبێت، به‌ڵام هه‌ندێکیان هه‌موو کات لێکۆڵینه‌وه‌ی له‌سه‌ر ده‌که‌ن هه‌روه‌ك له‌م نمونه‌ی خواره‌وه‌دا ڕوونکراوه‌ته‌وه.

# زانستی کۆرپه‌له‌ناسی :

چه‌ند ساڵانێکی که‌م پێش ئێستا، گروپێك له زانایانی شاری ڕیازی عه‌ره‌بستانی سعودی، هه‌موو ئایه‌ته‌کانی تایبه‌ت به زانستی کۆرپه‌له‌ناسیان ( گه‌شه‌ی ئاده‌میزاد له‌ناو ڕه‌حمدا ) کۆکردبووه له قورئاندا. ووتیان ئه‌مه ئه‌و زانیاریانه‌یه که‌له قورئاندا باسکراون. ئایا ده‌بێ ئه‌مه ڕاست بێت ؟ له سه‌ره‌تادا ئه‌و ئامۆژگاریه‌ی قورئانیان وه‌رگرت که ده‌ڵێت : "پرسیار له‌و که‌سه بکه که زانایه". پاشان ده‌ستیان کرد به جێبه‌جێکردنی ئه‌و ئامۆژگاریه. دواتر که‌سێکی بێباوه‌ڕیان هه‌ڵبژارد که پرۆفیسۆری کۆرپه‌له‌ناسی بوو له زانکۆی تۆرۆنتۆی که‌نه‌دی. ئه‌و پرۆفیسۆره ناوی ( کیث مووڕ ) بوو، خاوه‌نی په‌رتووکی کۆرپه‌له‌ناسیه و پسپۆڕێکی جیهانیه له‌و بابه‌ته‌دا. داوه‌تیان کرد بۆ شاری ڕیازو لێیان پرسی : ئه‌و بابه‌ته‌ی که تۆ باست لێوه کردووه له قورئاندا ئاماژه‌ی بۆ کراوه، ئایا ئه‌مه ڕاسته ؟ چیمان پێ ده‌ڵێی ده‌رباره‌ی ئه‌مه ؟. ئه‌و پرۆفیسۆره له‌وکاته‌ی که‌له ڕیاز مایه‌وه، هه‌موو ئاسانکاری و هاوکاریه‌کی پێشکه‌ش کرا له ته‌فسیرکردنی قورئان که داوای کردبوو. تووشی سه‌رسورمانیه‌کی زۆر بوو له‌وه‌ی که دۆزیه‌وه له‌ناو قورئاندا. بۆیه ئه‌و په‌رتووکه‌ی که دینابوو له‌سه‌ر کۆرپه‌له‌ناسی هه‌ستا به ئه نجامدانی گۆڕانکاری تێیدا. له چاپی دووه‌می په‌رتووکه‌که‌یدا، که ناونیشانی بریتی بوو له ( پێش ئه‌وه‌ی ئێمه له‌دیك بین ) له‌و به‌شه‌ی که باس له زانستی کۆرپه‌له‌ناسی ده‌کات، هه‌ندێك بابه‌تی تێیدا بڵاو کردوه که‌له چاپی یه‌که‌میدا نه‌بوون، چونکه ئه‌وه‌ی که‌له قورئاندا دۆزیبویه‌وه پێشتر نه‌یزابوو وه ئه‌وانه‌ی که باوه‌ڕیان به قورئان هه‌یه ده‌یزانن و خه‌ڵکانی تر نایزانن.

زۆر خۆشحاڵ بووم که توانیم چاوپێکه‌وتنێك ئه نجام بده‌م له‌گه‌ڵ د. کیث مووڕ بۆ پێشکه‌شکردنی به‌رنامه‌یه‌کی ته‌له‌فزیۆنی، که ووتووێژمان ده‌رباره‌ی مه‌زنی ئه‌و بابه‌ته ده‌کرد که‌به هۆی وێنه‌کانیه‌وه ڕوونکراوه‌ته‌وه. مووڕ، ئاماژه‌ی به‌وه‌دا که هه‌ندێك له‌و بابه‌تانه‌ی که له قورئاندا ئاماژه‌یان بۆکراوه

تایبەت بە گەشەکردنی ئادەمیزاد، پێش سی ساڵ لەمەوبەردا هیچی نەزانداروبوون. لە ڕاستیدا، مووڕ ووتی یەك ماددەی تایبەت هەیە کەلە قورئاندا وەسفی دروسبوونی سەرەتای ئادەمیزادی پێدەکات ئەویش بریتیە لە خاك و خۆڵ ( نوتفە ) ﴿س – الحج – ٥ ﴾، ﴿ س – المؤمنون – ١٤ ﴾ ، ﴿ س – الغافر – ٦٧ ﴾. ئەمەش زانیاریەکی نوێ بوو بۆی، بەڵام کاتێك تەئکیدی لەسەر کردەوە، ئەوە بۆی دەرکەوت کە ئەم زانیاریانە ڕاستن، بۆیە لە پەرتووکەکەیدا ئەو زانیاریانەی زیاد کرد تێیدا. مووڕ دەڵێت : " هەرگیز بیرم لەمە نەکردبۆوە پێشتر "، جا کاتێك چووە بەشی ئاژەڵناسی، داوای وێنەیەکی نوتفەی کرد. کاتێك بۆی دەرکەت کە ئەم نوتفەیە وەکو کۆرپەلەی مرۆڤە وایە، بڕیاریدا هەردوو وێنەکە ( مرۆڤ و ئاژەڵ ) لە یەکێك لە پەرتووکەکانی خۆیدا پێکەوە دایان بنێت و بلأویان بکاتەوە.

هەرچەندە ئەوەی کە ئاماژەی بۆکرا لە نمونەی زانیاری گەڕان بە دوای مروڤدا کەلە قورئاندا هاتووە و مامەڵە لەگەڵ بێباوەڕاندا دەکات، تاکو ئێستا ئەو زانیاریانە هەر بە ڕاستو دروستی ماونەتەوە، چونکە مووڕ یەکێك بوو لەو پسپۆڕانەی کە لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەو بابەتە ئە نجامدا. بۆیە کاتێك هەندێك کەسی ئاسایی بانگەشە دەکەن بۆ ڕاستی ئەو زانیاریانەی کەلە قورئاندا هاتووە دەربارەی زانستی کۆرپەلەناسی، ئەوە پێویست ناکات کەسێکی تر قبووڵی زانیاریەکانی قورئان نەکات، مادام ئەو زانیاریانە لەلایەن مرۆڤێکی باوەڕپێکراو پلەبەرز و ڕێزگرتوو بەخشراوە. ئاساییە گەر هاتوو کەسێك لێکۆلینەوە ئە نجام بدات لەسەر بابەتێکدا و بگاتە دەرئە نجامێك کە سەرچاوەی گرتووە لەو لێکۆلینەوە یەدا، ئەوە دەرئە نجامەکەی بەڕاست و دروستی لەقەلەم دەدرێت.

## کاردانەوەی گومان لێکراوان :

د.مووڕ پەرتووکێکی تری نووسی دەربارەی پزیشکی کۆرپەلەناسی. کاتێك لە تۆرۆنتۆ ئەو زانیاریانەی بلأو کردەوە، سەرتاپای کەنەدای پێ هەژاند. ئەو زانیاریانە لەسەر لاپەڕەی سەرەکی هەندێك لە ڕۆژنامەکانی کەنەدا نورسرابوونەوە، وە هەندێك سەردێریش بە گاڵتەجاریەوە بلأویان کردبۆوە. بۆ نمونە، لە سەردێری یەکێك لە ڕۆژنامەکان نوسرابوو کە " بابەتێکی سەرسورهێنەر دۆزراوەتەوە لە پەرتوکێکی پیرۆزی کۆندا !". لەم نمونەیەدا بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە خەڵکی بە تەواوەتی تێناگەن لەوەی کە ئەمانە باسی چی دەکەن. لە ڕاستیدا، ڕۆژنامەنووسێك پرسیارێکی لە مووڕ کردو ووتی : ئایا پێت وانیە کە عەرەبەکان لەوانەیە بابەتی وەسف کردنی کۆرپەلەو دەرکەوتنی و چۆنیەتی گۆران و گەشەکردنیان زانیبێت ؟ مووڕ لەوەلأمدا ووتی : لەوانەیە ئەوان زانابووبن و بەمەیان زانیبێت، لەوانەشە هەندێك توێکاری سادەیان کردبێت لەسەر ئەم بابەتە- بەڵام خەڵکی پارچە پارچەیان کردووەو بە ووردی سەیری ئەم بابەتەیان کردووە- دواتر مووڕ بە ڕۆژنامەنووسەکەی گووت کە خاڵێکی زۆر گرنگت فەرامۆش کردووە، ئەویش ئەوەیە کە هەموو وێنەکای کۆرپەلە کە پیشاندرابوون بە شێوەی پرۆگرامی فلیم، هەموویان بە مایکرۆسکۆب وەرگیراوون. پاشان مووڕ گووتی : " ئایا گرنگ نیە گەر کەسێك پێش چواردە سەدە لەمەوبەردا هەوڵیدابێت بۆ دۆزینەوەی زانستی کۆرپەلەناسی. ئەوان نەیان توانیوە بیبینن!" .هەموو وەسف کردنەکانی قورئان بۆ بەدیارخستنی کۆرپەلە ئەو مادەیەیە کە تاکو ئێستاش زۆر بچووکەو بەچاو نابیندرێت. بۆیە، دەبێ بە مایکرۆسکۆپ سەیری بکرێت. ئەو ئامێرەش ( مایکرۆسکۆپ ) پێش زیاتر لە دووسەد ساڵدا داهێندراوە، بۆیە د.مووڕ بە تووڕەیەوە گووتی : لەوانەیە چواردە سەدە لەمەوبەردا کەسێك بە دزیەوە ئەو مایکرۆسکۆپەی هەبووە و ئەو لێکۆلینەوەیەش لە هیچ شوێنێکدا هەڵە ناکات. دواتر هەر ئەو کەسە بەهەر ڕێگایەك بووبێت محمدی ( د.خ ) فێری بەکارهێنانی ئەو ئامێرەی کردووە وە ڕازیشی کردووە کە ئەو زانیاریانە لە پەرتووکەکەیدا ( قورئان ) بنوسێتەوە و دایان بنێت. پاشان ئەو کەسە مایکرۆسکۆپەکەی تێکشکاندووەو ئەو نەهێنیەی لەلای خۆی شاردۆتەوە بۆ هەتا هەتایە. کەواتە، ئایا بڕوا بەمە دەکەیت ؟ بێگومان نەخێر، ئەمە پێویستی بە بەڵگەی سەلماندن هەیەو چونکە ئەمە بیردۆزێکی بنەڕەتیە. کاتێکیش پرسیاریان لە مووڕ کرد کە چۆن ئەو زانیاریانە لە قورئاندا شیدەکرێنەوە ؟ ئەویش لە وەلأمدا گووتی : " ئەمە تەنها سروشێکی ( وەحییێکی ) خواییە ! " .

# جیۆلۆجی :

یەکێك لە هاوڕێیەکانی پرۆفیسۆر موور کە ناوی مارشاڵ جۆنسن بوو، زۆر بە ووردی و خەستی لە زانستی جیۆلۆجیدا دەیتۆژیەوە لە زانکۆی تۆرۆنتۆدا. زۆر سوودی وەردەگرت لەو ڕاستیانەی کەلە قورئاندا هاتوون دەربارەی ئەوەی کە زانستی کۆرپەلەناسی زۆر ووردە. بۆیە، داوای لە موسڵمانان کرد کە دەست بکەن بە کۆکردنەوەی هەموو ئەو زانیاریانەی قورئان کە پەیوەندی بەم بابەتەوە هەیە. جارێکی دیکەش خەڵکی سەرسام بوون بەو دۆزینەوانەدا. هەرلەو کاتەی کە ژمارەیەکی یەك جار زۆر لە بابەتدا ئاماژەی پێکراوە لە قورئانی پیرۆزدا، ئەوە بە دڵنیایەوە پێویستیان بە کاتو ماوەیەکی زۆریش هەیە بۆ ووتووێژ و تەواوکردنی هەریەك لەو بابەتانەدا. جا بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر ئەو بابەتانەدا، ئەوە جێگای خۆیەتی ئاماژە بەوە بکرێت کە قورئان زۆر بە ئاشکرایی و پوختی باسی لەو بابەتانە کردووە، لەهەمان کاتیشدا ئامۆژگاری خوێنەرانیشی کردووە بۆ جۆراو جۆرکردنی ڕاستیەکانی ئەو بابەتانە لە ڕێگای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە بە هۆی زانایانو پسپۆڕانی ئەو بوارو بابەتانەوە. هەروەك چۆن ڕوونکراوەتەوە لە نمونەکانی پێشوو دەربارەی زانستی کۆرپەلەناسی و جیۆلۆجیدا، کە بە ڕوون و ئاشکرایی ڕاستیکان لە قورئاندا ئاماژەیان بۆ کراوە.

# پێشتر ئەوەت نەزانی بوو ! :

بێگومان ئەو بۆچونو زانیاری و تێڕوانینانەی کەلە قورئاندا هاتوون لە هیچ شوێنێکی تردا نیەو نەدۆزراوەتەوە. شتێکی زۆر نایاب و کاریگەرە کە چۆن و لە چ کاتێکدا قورئان زانیاریەکانی دەبەخشێت. بە شێوەیەکی سادەو ئاسان بە خوێنەرانی دەڵێت : " تۆ پێشتر ئەوەت نەزانیووە ". بێگومان هیچ دەقێك یاخود ئایەتێك نیە لە قورئاندا کە جێگای گومان بێت. هەموو دەق و نوسینە کۆنەکانی تر کە بۆ نەتەوەکان هاتوون زۆر زانیاریان بەخشیوە، بەڵام هەموو کات باسی ئەوەی کردووە کە ئەو زانیاریانە لە کوێوە هاتوون.

بۆ نمونە، کاتێك ئینجیل باس لە مێژووی کۆندا دەکات، ئاماژە دەکات کە پادشایەك لێرەدا ژیاوە، پادشایەکی تر جەنگێکی دیاریکراوی هەڵگیرساندووە، یەکێکی تریش کۆمەڵێك کوڕی هەبووە ...هتد. هەموو کات مەرج دادەندرێت ( لە پەرتووکدا ) کە ئەگەر دەتەوێت زانیاری زیاتر بەدەست بهێنی لەسەر بابەتێکدا، ئەوە دەتوانی ئەو پەرتووکو ئەم پەرتووك بخوێنیتەوە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە تاوەکو بزاندرێت کە ئەو زانیاریانە لە کام سەرچاوەوە وەرگیراوون. بە پێچەوانەی ئەو بیرۆکەیە، قورئان زانیاری بە خوێنەران دەبەخشێت و پێیان دەڵێت کە ئەو زانیاریانە شتێکی تازەو نوێن. بە دڵنیاییشەوە هەموو کات ئامۆژگاری خوێنەران دەکات کە لێکۆڵینەوە ئەنجام بدەن لەسەر ئەو زانیاریانەی کە دراون بە مەبەستی جۆراوجۆرکردنی ڕاستیەکان. شتێکی زۆر سەرسورهێنەرو سوودبەخشە کە ئەو زانیاریی و بیرۆکانە هەرگیز ڕووبەڕووی بەربەرەکانی نەبوونەتەوە لەلایەن بێباوەڕانەوە. بێگومان بێباوەڕان زۆر ڕقیان لە موسڵمانان دەبێتەوە، کاتێك گوێیان لە بانگەوازی وەحی دەبێت دەربارەی دۆزینەوەی و داهێنانی زانیاریەکی تازە، ئەوە بە بەردەوامی و هەمیشە ناتوانن هیچ قسەیەکی لەسەردا بکەن و دەڵێن " ئەوە زانیاریەکی تازە نیە، دەزانین کە محمد ( د.خ ) لە کوێ ئەو زانیاریانەی دەست کەوتووە. ئێمە لە قوتابخانەدا ئەو بابەتانە فێردەبووین " . هەرگیز ناتوانن بەرپەرچی ڕاستیەکان بدەنەوە چونکە ڕاستیەکی تازەو نوێن ؟ .

دەبێت خۆت بگونجێنیت لەگەڵ ئەو ئامۆژگاریانەی قورئان سەبارەت بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو زانیاری و بابەتانەدا ( هەتا ی ئەگر تازەش بێت ) . لەو کاتەی کە عمری کوری خطاب خەلیفەبوو، گروپێکی لە زانایان هەڵبژاردوو سپاردنی بۆ ئەوەی دیواری ئەسکەندەری مەقدۆنی ( ذو القرنین )

بدۆزنەوە، پێش هاتنە خوارەوەی قورئان، عەرەبەکان هەرگیز ناوی ئەو دیوارەیان نەبیستبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی قورئان باسی کردووە، توانیان بیدۆزنەوە. شایانی باسە ئەو دیوارە ئێستا کەوتۆتە شوێنێك لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوودا کە پێی دەڵێن ( دێربەند – Durbend ).

**تێبینی :**

*شاری دێربەند دەکەوێتە وولاتی داغستان لە رۆژئاوای رووباری کاسپیان، بە درێژایی ١٥٠ میل لە باشوری رۆژهەلاتی گرۆزنی و چیچان، وەبە درێژایی ١٤٠ میل لە باکووری-باکووری رۆژئاوای باکو، لە ئازەربایجان. هەروەها دێربەند بە ( باب- الابواب ) بەناو بانگ بوو لە سەرەتای مێژووی ئیسلامدا. إمام ( التبري ) باسی ئەو دیوارەی کردووە لە پەرتووکە بەناوبانگەکەی بەناوی ( تاریخ الرسول والملوك ) لەو کاتەی کە باس لە رووداوەکانی ساڵی ( ٦٤٦ پ .ز ) دەکات، لە سەردەمی فەرمان رەوایی خەلیفەی دووەمی ڕاستگۆیی و ئامۆژکار ( عمری کوری خطاب )دا. هەروەها ئەو شارە ئاماژەی پێکراوە لەلایەن ( یاقووت ) لە پەرتووکی ( معجم البلدان ) کە مانایەکی بەهێزی هەیە بۆ قێزەوونی داگیرکەر لە باکووری قەوقازدا، لەو شوێنەی کە پادشای بەهێزی خەزار حوکمی تێدا گێراوە. مێژووی خەزاریەکانیش زۆر بە باشی پاراستراوە هەر لە ساتەوەختی یادی هەزارەی نیوەی یەکەمدا، وەشانشینەکان هەڵوەشانەوە لە ساڵی ( ٦٦٦ پ. ز ). دێربەند وەکو خاڵێکی سەرەکی بەکاردێت لە دەروازەی باکووری قەوقازدا، لە باشوورەوە بەرەو هەرێمی فارسەکان.*

*عبدالله یوسف علی، بەناوبانگترین وەرگێری قورئان، هەندێك بیرو بۆچون تاووتوێدەکات لەسەر ئەسکەندەری مەقدۆنی لە پاشکۆی کۆتایی سورەتی ( الکهف ) دا. هەروەها بەناوبانگترین مێژووناس ( ابن کثیر ) ئاماژەی بەوە داوە کە ئەسکەندەری مەقدۆنی پادشایەکی لە خوا ترس بووە، کەلە سەردەمی پێغەمبەر إبراهیمدا( د.خ ) ژیاوە وەبەدەوری کەعبەشدا تەوافی کردووە لەگەڵ پێغەمبەر إبراهیمدا ( د.خ ).*

*بۆ زانیاری زیاتر، سەیری ئەم وێب سایتەی بکە : ( www.muslimminorities.com ) بۆ سەیرکردنی نەخشەی دێربەند (Darbend, or Derband, or Derbend, or Durbend)*

## سەلماندنی ڕاستیەتی _ ڕێبازەکەی :

ئەوەی پێویستە لێرەدا جەختی لەسەر بکرێتەوە ئەوەیە کە قورئان بە ووردیەوە باسی چەندەها بابەتی کردووە، بەڵام لە ڕاستیدا ووردی مانای ئەوە نیە کە ئەو قورئانە پەرتووکێکی وەحی ئاسمانیە، بەڵکو ووردی یەکێکە لە خەسڵەتەکانی وەحی ئاسمانی. بۆ نمونە، پەرتووکی ژمارەی تەلەفۆن وورده، بەلام ئەوە مانای ئەوە نیە کە ئەوە پەرتووکێکی وەحی ئاسمانی بێت. گرفتی ڕاسەقینە لەوەدایە کە یەکێك دەبێت هەندێك بەڵگە بهێنێتەوە لە بارەی سەرچاوەی زانیاریەکانی قورئان ئەمە لەلایەك. ئەوەی کەلە لایەکی ترەوە جەختی لەسەر دەکرێتەوە ئەوەیە کە بەرپرسیارەتی ئەو بەڵگە هێنانەوە دەکەوێتە سەر ئەستۆی ئەو کەسە. کەسێك بەبێ هەبوونی بەڵگەی پێویست ناتوانێت لە خۆیەوە ڕاستیەکانی قورئان ڕەتبکاتەوە. جا ئەگەر ئەو کەسە هەڵەیەکە دۆزیەوە لە قورئاندا، ئەوە مافی خۆیەتی کە ڕەتی بکاتەوە. ئەمەش بە ڕاستی هەر ئەو بابەتەیە کە قورئان هانی دەدات و دەیڵێت .

جارێکیان پیاوێك دوای وانە ووتنەوە هاتەلام لە باشوری ئەفریقیادا. زۆر تووڕەو دەمارگیر بوو لەوەی کە من ووتوبووم، بۆیە گلەیی و گازاندەی هەبوو لێم، ووتی کە " من ئەم شەو کە چوومە ماڵەوە هەڵەیەك دەدۆزمەوە لە قورئاندا ". لە ڕاستیدا منیش پێم ووت " پیرۆز بایت لێ دەکەم " چونکە ئەمە ژیرترین ووشەیە کە تۆ فەرمووتە. بێگومان ئەوە ڕێبازی موسڵمانە کە دەبێت بیگرێتەبەر لەگەڵ ئەو کەسانەی کە گومانیان لە ڕاستی قورئاندا هەیە، چونکە قورئان خۆی هەمان بەرەنگاربوونەوەی تێدایەو دەبەخشێت. ناچار هەر دەبێ وابێت، قبووڵ کردنی ئەو بەرەنگاربوونەوەو هەروەها دۆزینەوەی

ئەوەی کەلە قورئاندا هاتووە ڕاستە،  ئەوە وا لەو خەڵکانە دەکات کە بەرەو ڕووی بێنو باوەڕی پێ بهێنن چونکە ناتوانن ئەو قورئانە ڕەتبکەنەوە. لە ڕاستیشدا، قورئان ڕێزیان لێ دەگرێت لەبەرئەوەی قورئان خۆی شتێکی تێدا هەیە کە ڕاستیەکان بۆیان جۆراوجۆر دەکات.

بەڵگەی ڕاستەقینەش کە ناتواندرێت دووبارە بکرێتەوە سەبارەت بە ڕاستیەتی قورئان، ئەوەیە کە ئەگر کەسێك توانای لێکدانەوەی دیاردەیەکی نەبوو، ئەوە پێویست بە قبووڵکردنی هەبوونی ئەو دیاردەیە ناکات یاخود لێکدانەوەی کەسێکی تر بۆ ئەو دیاردەیە. بە تایبەتی ئەگەر یەکێك نەیتوانی بابەتێك لێك بداتەوە ئەوە مانای وانیە کە ئەو کەسە دەبێت لێکدانەوەی کەسێکی تر قبووڵ بکات سەبارەت بەو بابەتە، بۆیە ڕەتکردنەوەی لێکدانەوەی کەسانی تر بەرپرسیاریەتەکەی دەکەوێتە سەر ئەستۆی خودی ئەو کەسە بۆ دۆزینەوەی وەڵامێکی گونجاو ماقووڵ. ئەمەش بیردۆزێکی گشتیەو لەسەر چەندەها بابەتو بیرۆکەی تردا جێبەجێ دەبێت لەم ژیاندا، بەڵام زۆر باش گونجاوە لەگەڵ بەرەنگاربوونەوەکانی قورئاندا  چونکە زەحمەتی و گرانی دروست دەکات بۆ ئەو کەسەی کە دەڵێت : " من باوەری پێناکەم " . لە سەرەتای ڕەتکرنەوەکەیدا ئەو کەسە دەبێت بە خێرایی لێکدانەوەی خۆی بڵێت  ئەگەر هاتوو پێی وابوو وەڵامی کەسانی تر بە پێی پێویست نین.

لە ڕاستیدا یەکێك لە ئایەتە دیارەکانی قورئاندا کە هەمیشە بە هەڵە وەردەگێردرێتە سەر زمانی ئینگلیزی ئەوەیە کە پەروەردگار کاتێك باسی ئادەمیزاد دەکات کە گوێبیستی ئەو ڕاستیانە بووە کە بۆی لێکداوەتەوە. قورئان ئاماژەی بەوە داوە کە ئادەمیزاد ئەرکەکانی خۆی فەرامۆش کردووە چونکە دوای ئەوەی کە گوێبیستی ئەو زانیاریانە بووە، فەرامۆشی کردوون بەبێ ئەوەی جەختی لەسەر بکەنەوە کە ئاخۆ ڕاستن یاخود نا. بە مانایەکی تر، کەسێك گوناهبار دەبێت ئەگەر هاتوو گوێیستی زانیاریەك بوو وەلێکۆڵینەوەی لەسەر ئەنجام نەدات و جەختی لەسەر نەکاتەوە کە ئاخۆ دەبێت ئەمە ڕاست بێت.  پێش بینی دەکرێت کە یەکێك هەموو زانیاریەکان بگۆڕێت و بڕیار بدات کە ئەوەی ناشایستەیە لێی دەربهێنێت و فرێی بدات وە ئەوەشی زانیاری ماقووڵ و گونجاوە بیهێڵێتەوە تا بە زوترین کات سوودیان لێ وەربگرێت یاخدو دواتر سوودیان لێ وەربگرێت .

کەسێك ڕێگە نادات کە ئەو زانیاریانە لە دەوروبەری بیروهۆشیدا نیگەرانی بکەن، بەڵکو دەبێت بە جوانی پۆل پۆلیان بکات و دایان بنێت وەهەروەها نزیك بێتەوە لەو بیرۆکەیەدا. بۆ نمونە، ئەگەر بێتو ئەو زانیاریانە تاکو ئێسا جێگای گومان و تێڕامان بێت، ئەوە پێویستە یەکێك جیایان بکاتەوە کە ئاخۆ ئەو زانیاریانە نزیکن لەوەی ڕاست بن یاخود هەڵەبن. بۆیە ئەگەر هەموو ئەو زانیاریانە پێشکەش کران، ئەوە دەبێت ئەو کەسە بەبێ دوودڵی بڕیاڕ لەسەر یەکێك لەو دوو هەڵبژاردنانە بدات. هەروەها ئەگەر یەکێك دڵنیا نەبوو لە ڕاستی ئەو زانیاریانە، ئەوە پێویستی لەسەری هەموو ئەو زانیاریانە بگۆڕێت وە دانیش بەوەدا بنێت کە زانیاری نیە ( معلوماتی نیە و دڵنیاش نیە  ) لە ڕاستیاندا. هەرچەندە لەو حاڵەدا وا دەردەکەوێت کە بێ هوودە بێت، بەڵام لە ڕاستیدا سوود بەخشیشە تاوەکو بە دەرئە نجامێکی باش بگات لە کاتێکی تردا ئەمەش بە لایەنی کەمە هانی ئەو کەسە دەدات کە دان بەو زانیاریانە بینێت و لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەنجام بدات و دووبارە چاو بە  ڕاستیەکاندا بخشێنێتەوە.

ئاشنابوون بەو زانیاریانە سوودو دەرفەت بەو کەسە دەبەخشێت لەو کاتەی کە دۆزینەوەکان و داهێنانەکان دەیسەلمێنن و زانیاری زیاتری لەسەر بڵاو دەکرێتەوە. ئەوەش کە گرنگە ئەوەیە کە ئەو کەسە دەبێت مامەڵە لەگەڵ ڕاستیەکاندا بکات و بەئاسانی وازیان لێنەهێنێت بەبێ بەڵگەو پاسا.

# بەکارهێنانی بەدیلەکان :

ڕاستەقینەی ئاشکرا دەربارەی ڕاستیەکانی قورئان بەڵگەن لەسەر باوەڕهێنانی کەلە هەموو قورئاندا هاتوون، ئەوە باوەڕهێنانەش لەبنەڕەتدا لە ڕێگای جۆربەجۆرەوە هاتوون - بەکارهێنانی بەدیلەکانن-، قورئان دەفەرموێت : " ئەو پەرتووکە سروشێکی ئاسمانیە ( خواییە ) گەر باوەڕت بەمەش نیە، ئەی کەواتە ئەو پەرتووکە چیە ؟ بە مانایەکی تر، خوێنەر تووشی قەیران و ناخۆشی دەبێتەوە بە هەبوونی لێکدانەوەکانی تر بۆی. لێرەدا ئەو پەرتووکە هەر ئەو پەرتووکەیە کەلە کاغەزو مەرەکەب پێکهاتووە، ئایا لە چ شوێنێکەوە هێندراوەو هاتووە ؟ دەڵێن سروشێکی ئاسمانیە، خۆ ئەگەر واش نەبێت ئەی باشە سەرچاوەکەی لە کوێوەیە ؟ ئەو ڕاستیەی کە سوودبەخشە ئەوەیە کە هیچ کەس تاکو ئێستا نەیتوانیووە لێکدانەوەیەکی تر بدۆزێتەوە بۆ ئەو قورئانە. لەڕاستیدا هەموو بەدیلەکان بەکارهێندراوون لەو کاتەی کە لەلایەن بێباوەڕانەوە داهێندراوون و دۆزراونەتەوە. ئەو بەدیلانەش بە شێوەیەکی گشتی دابەش کراون و کورتکرانەتەوە بۆ دوو قوتا بخانەی بیری ڕەهای هاوبەش کە سووربوون لەسەر یەکێك لەو بەدیلانە.

لەلایەکەوە گروپێکی یەکجار زۆر لە خەڵك کە سەدەها ساڵ پێش ئێستا لێکۆڵینەوەیان لەسەر قورئان ئەنجامداوە و دەڵێن : " ئەو شتەی کەبە دڵنیایەوە دەیزانین ئەوەیە کە ئەو پیاوەی ( محمد-د.خ ) دەڵێن پێغەمبەر بووە، ئەوە شێت بووە ! ". باوەڕیان وابوو کە پێغەمبەر تاڕادەیەك گێل و نەفام بووە. لەلایەکی تریشەوە گروپێکی تر لەو خەڵکانە هەن کە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە " لەبەر هەبوونی ئەو بەڵگانەو ئەوەی کە بەدڵنیایەوە دەیزانین ئەوەیە کە ئەو پیاوە درۆزن بووە ! " . مایەی گاڵتەجاریە، هەردوو ئەو گروپانە پێناچێت هەرگیز پێکەوەبن بەبێ بەدرۆخستنەوەیان.

لەڕاستیدا زۆربەی سەرچاوەکانی ئیسلام هەموو کات ڕەخنە لەهەردوو ئەو بیردۆزانە دەگرن و بەدرۆیان دەخەنەوە، لەدەسپێکدا ڕەتی دەکەنەوە کە پێغەمبەر شێت بوو بێت، پاشان کۆتایی پێدەهێنن بەوەی کە دەڵێن محمد (د.خ ) درۆزن بووبێت. ئەو بێباوەڕانە هەرگیز تێنەگەیشتوون لەوەی کە محمد (د.خ ) ناکرێت و ناتواندرێت هەردوو ئەمانە بێت ( کە شێتی و درۆزنیە )! بۆ نمونە، ئەگەر هاتوو یەکێك فێڵی لێبکرێتو بڕوای وابێت کە ئەوە پێغەمبەرە، ئەوە ئەو کەسە تا درەنگانی شەو دانانیشێت بۆ ئەوەی پیلان دابڕێژێت بۆی، چۆن دەکرێت من گاڵتە بە خەڵك بکەم تا باوەڕم پێبکەن کە من پێغەمبەرم ؟ بە دڵنیایەوە ئەو کەسە باوەڕی وایە کە محمد (د.خ) پێغەمبەرە، وەهەروەها باوەڕیشی بەوە هەیە کە ئەو وەڵامەشی لە ڕێگای سروشەوە پێبەخشراوە.

# گرفتی ڕەخنە :

لەڕاستیدا گەورەترین ڕووبەڕوبونەوەی قورئان ئەوەیە کە وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە. گەر یەکێك پرسیارێکی لە پێغەمبەر بکردایە، ئەوە سروش دادەبەزی بۆی بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە. بێگومان گەر یەکێك شێت بێت و بڕوای وابێت کە فریشتەکان وەحی بۆ دەهێنن، پاشان کە کەسێك پرسیاری لێدەکات، ئەوە پێی وایی کە ئەو فریشتانە وەڵامەکەی بۆ دەهێنن و پێی دەڵێن. کەواتە لەبەر ئەوەی محمد (د.خ) شێتە، بۆیە بەڕاستی بیردەکاتەوە.هیچ زانیاریەك بەکەس ناڵێت و کەمێك چاوەڕێ دەکات وە دواتر دەچێتە لای هاوەڵەکانی و لێیان دەپرسێت : " ئایا هیچ یە کێك لە ئێوە وەڵامەکەی لایەو دەزانێت " ئەو جۆرە ئاکارە خوڕەوشتی کەسێکە کە باوەڕ ناکات بەوەی کە محمد (د.خ ) پێغەمبەرە. ئەوەی بێباوەڕەکان ڕەتی دەکەنەوە قبووڵی بکەن، ئەوەیە کە یەکێك ناتوانێت هەردوو ئەو ڕێبازە- بیرۆکەیە- بگرێتەبەر. یەکێکیان هەردەبێت چەواشەکار بێت یاخود درۆهەڵبەستراو بێت. بۆیە دەکرێت ئەو کەسە یان ئەو یانیش ئەم بێت، بەڵام بە دڵنیایەوە ناکرێت هەردووکیان بێت !. ئەو ڕاستیەی کە جەختی لەسەر دەکرێتەوە ئەوەیە کە بێباوەڕان بە دڵنایەوە هەموویان یەك تایبە تمەندیان – سیفەتیان –هەیە.

ئەو سیناریۆیەی خوارەوە نمونەیەکی باشی ئەو جۆرە بازنەیەیە کە بێباوەڕان هەمیشە بەدەوریدا دەخولێنەوە. ئەگەر تۆ پرسیارێك لەهەر یەکێکیان بکەیت کە ئایا سەرچاوەو ئەصلی قورئان چیە ؟ ئەوە پێت دەڵێت کە سەرچاوەکەی بیروباوەڕی پیاوێکە کە شێت بوو. پاشان پرسیارێکی تری لێبکە، باشە ئەگەر قورئان بیروباوەڕی ئەو کەسە بێت ئەوە ئەو زانیاریانەی لە کوێ دەستکەوتووە کەلە ناو ئەو قورئانەدا داینـاوون ؟ بێگومان قورئان باسی زۆر زانیاری کردووە کە عەرەبەکان پێی ئاشنانەبوونو نەیان زانیوە. کەواتە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستیەی کە تۆ بۆ ئەو دەیهێنیتەوە، ئەو هەڵوێستەکەی خۆی دەگۆڕێت و دەڵێت : " باشە، لەوانیە ئەو شێت نەبووبێت، بەڵام لەوانەیە هەندێك کەسی بێگانە ئەو زانیاریانەیان پێدابێت ، کەواتە درۆی لەگەڵ خەڵکی کردوو ووتی کەمن پێغەمبەرم ؟ لەم خاڵەشدا تۆ دەبێت پرسیارێکی تری لێبکەیت : " باشە ئەگەر محمد (د.خ) درۆزن بوایە، ئەوە بۆچی باوەڕو متمانەیان پێی کردو ئەمەی لە کوێ هێناوە ؟ بۆچی محمد (د.خ) هەڵسوکەوتی وەکو بیروباوەڕی ڕاستەقینەی وابوو و پێغەمبەر بووە ؟ لە کۆتاییدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆشەیەی کە وەکو پشیلەیەك بە پەلە ڕەخنە دەگرێت لە یەکەم وەڵامدا کە دێتە ناو بیروهۆشی. بۆ لەبیرکردنی ئەوەی کە بیروهۆشی ماوەیەك پێش ئێستا دوودڵ بوو لە باوەڕپێکردنی، ئەوە ڕەخنە دەگرێت و دەڵێت " باشە، لەوانەیە محمد (د.خ) درۆزن نەبوو بێت، بەڵام لەوانەیە شێت بێت و بەڕاستی بڕوای وابێت کە پێغەمبەرە " . بۆیە جارێکی دیکەش دەست بە بازنەی بێ ئاکام و بێسوود دەکاتەوە.

هەروەك لەسەرەوە ئاماژەی بۆکرا، قورئان کۆمەڵێك زانیاری لە خۆوە گرتووە کە سەرچاوەکەی جگە لە پەروەردگار ناکرێت بۆ هیچ کەسی تر بگەڕێتەوە. بۆ نمونە، کێ بە محمد (د.خ) فەرمووە دەربارەی دیواری ئەسکەندەری مەقدۆنی، ئەو شوێنەی کە سەدەها میل لە باکورەوەیە ؟ کێ پێی فەرمووە دەربارەی زانستی کۆرپەلەناسی ؟ کاتێك خەڵکی ئەو ڕاستیانە کۆدەکەنەوەو پێکەوەیان دەنێن، جا ئەگەر ئارەزوو نەکەن کە بوونی قورئان بە سەرچاوەیەکی ئاسمانی دابنێن، ئەوە هەر لە خۆیانەوە پەنا دەبەنە بەر پایەو گریمانەی یەکێکی تر کە ئەو زانیاریانەی بۆ محمد (د.خ) هێناوەو ئەویش بەکاری هێناوون بۆ چەواشەکردن و هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی. بەڵام دەتواندرێت ئەم بۆچوونەیان زۆر بە ئاسانی ڕەتبکرێتەوە بە پرسیارێکی سادەو ساکار : ئەگەر محمد (د.خ) درۆزن بوو بێت، ئەوە ئەو بیرو باوەڕو متمانەیەی لە کوێوە دەست کەوتووە ؟ بۆچی کاتێك بە هەندێك خەڵکی گووت ( کە من پێغەمبەرم ) ئەوە یەکسەر باوەڕیان پێکردوو ڕوویان تێکرد، ئەمەش ئەویە کە کەسێکی تر هەرگیز ناتوانێت بیڵێت ؟ ئەو بیروباوەڕو متمانەشەی بە تەواوەتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پێغەمبەر سروشێکی ئاسمانی ڕاستی هەبوو.

## سروشێک - أبو لەهەب -

پێغەمبەر محمد (د.خ) مامێکی هەبوو بەناوی ابو لەهەب. ئەو پیاوە بە جۆرێك ڕقی لە ئیسلام دەبۆوە کە هەموو کات لەدەوروبەری پێغەمبەردا دەسوڕایەوە بۆ ئەوەی ریسوای بکات. گەر ابو لەهەب بیزانیبا پێغەمبەر لەگەڵ کەسێکی بێگانە قسە دەکات، ئەوە چاوەڕێی دەکرد تا قسەکانیان تەواو دەبوو لەیەکتری جیادەبوونەوە، ئینجا دەچووە لای ئەو کەسەو لێی دەپرسی : پێغەمبەر چی پێت ووت ؟ ئایا پێی ووتی تۆ ڕەشپێستی ؟ ئەویش وەڵامی دەدایەوە دەگووت نەخێر تۆ سپی پێستی. ئایا پێغەمبەر پێی ووتی کاتی بەیانیە ؟ ئەو کەسەش دەیگووت نەخێر پێی ووتم کاتی ئێوارەیە. بە دڵنیایەوە ئەو کەسانە ئەو قسانەیان بە ابو لەهەب دەگووت کەبە تەواوەتی پێچەوانەی ئەو قسانە بوون کە پێغەمبەر پێیانی دەگووت و گوێبیستی دەبوون لێی کە قسەی مرۆڤی موسڵمان بوو. بەڵام نزیکەی دە ساڵ پێش مردنی ابو لەهەب، سورەتێکی بچووك لە قورئاندا ﴿ س – ابو لهب – ١١١ ﴾ دەربارەی ئەو پیاوە دابەزی. کە بە ڕوون و ئاشکرایی باسی کردووە کە ابو لەهەب دەبردرێتە ناو ئاگری دۆزەخ. بە مانایەکی تر، تەئکیدی کردۆتەوە کە ئەو پیاوە هەرگیز نەبووە موسڵمان، بۆیە هەمیشە نەفرەتی لێدەکرێت. بۆ ماوەی دەساڵ بەربەرەکانی کردوو دەیگووت : " گوێم لێبووە کە محمد (د.خ) وەحی بۆ دابەزیوو، ئەوە هەرگیز من ناگۆڕێت و هەرگیزیش نابم بە موسڵمان و دەچمە ناو ئاگری دۆزەخەوە. بە گاڵتەوە دەیگووت کەواتە ئێستا دەمەوێت

ببم بە موسڵمان ئایا ئەمەت پێ چۆنە ؟ بڕوا بە سروشە ئاسمانیەکەت دەکەیت ؟ بەڵام ابو لەهەب هەرگیز نەبووە موسڵمان. ئەمەش بە ڕاستی هەڵسوکەوتێکی کەسێکە کە چاوەڕوانی لێکراوە هەر لەو کاتەی کە ئایینی ئیسلامی بەبردەوامی بەدرۆ دەخستەوە.

لە ڕاستیدا پێغەمبەر پێی دەگووت : تۆ ڕقت لەمن دەبێتەوە و دەتەوێت بمکوژی و کۆتاییم پێ بهێنی ؟ دەی وەرە ئەوە من ئامادەم بمکوژە !" بەڵام ابو لەهەب هەرگیز نەیتوانی ئەو کارە بکات . سەیرە دە ساڵ ! لە هەموو ئەو ماوەیەشدا هەرگیز ئیسلامی قبووڵ نەکرد یاخود هاوخەمی گیروگرفت و ناخۆشیەکانی بێت.

گەر محمد (د.خ) بە ڕاستی پێغەمبەر نەبوایە چۆن دەکرا بە دڵنیایەوە بزانیبایە کە ابو لەهەب وەحی قورئان جێبەجێ دەکات ؟ چۆن دەکرا ئەوەندە دڵنیابێت کە ماوەی دەساڵ بە یەکێك ببخەشێت بۆ ئەوەی بانگەوازی پێغەمبەرایەتیەکەی بەدرۆ بخاتەوە ؟ بۆیە تەنها وەڵامی ئەو پرسیارانە ئەوەیە کە محمد (د.خ) نێردراوی پەروەردگاربوو. جا بۆ ئەوەی ئەو گرفتە ترسناکە لەولاوە دابنێت و لەخۆتی دوور بخەیتەوەیە، دەبێت بە تەواوەتی بڕوات وابێت کە پێغەمبەر وەحی ئاسمانی بۆ هێنراوە لەلایەن پەروەردگارەوە.

## کۆچ کردن :

نمونەیەکی دیکەی باوەڕهێنان ئەوەیە کە محمد (د.خ) لە ماوەی پێغەمبەرایەتیدا، کە بە هۆیەوە پەروەردگار خۆی و پەیامەکەی پاراست، کاتێك شاری مەککەی جێهێشت و لەگەڵ ابو بکر (ر.خ) خۆیان لە ئەشکەوتێکدا حەشاردا لەو کاتەی کە کۆچیان دەکرد بەرەو شاری مەدینە. هەردووکیان بە ئاشکرا دەیان دیت کە کافرەکان بەرەو ڕوویان دێن بۆ کوشتنیان. لەو کاتەدا ابو بکر هەستی بە مەترسی کرد. بێگومان ئەگەر پێغەمبەر درۆزن و فێڵباز بوایە، ئەو کەسە بوایە کە هەوڵبدات خەڵکی چەواشە بکات تا باوەڕی پێبکەن کە پێغەمبەرە، ئەوە پێشبینی لێدەکرا کەلە بارودۆخێکی ئاوا ترسناکدا بە هاوڕێیەکەی بڵێت : ئەی ابو بکر سەیرکە بزانە دەتوانی ڕێگایەك لە دواوەی ئەو ئەشکەوتە بدۆزیەوە ( بۆ ئەوەی لێوەی هەڵێن ) یانیش لە گۆشەیەکەی ئەو ئەشکەوتەدا دادەنیشت و بێدەنگ دەبوو ؟ بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی کە بە ابو بکری فەرموو بە تەواوەتی بیروباوەڕەکەی هەڵدەسەنگێنێت. پێی فەرموو : " ئارامبە، پەروەردکار لەگەڵماندایە. خوا دەمان پارێزێت " جا ئێستا ئەگەر یەکێك پێی وایە کە محمد (د.خ) خەڵکی چەواشە دەکات، ئەو شێوازە بۆچوون و باوەڕەی لە کوێوەوە دەست کەوتووە ؟ بەڕاستی چوارچێوەی ئەو بیروباوەڕە هەرگیز ناگەڕێتەوە بۆ سیفەتی ئەو کەسانەی کە درۆزن بن یاخود فێڵبازن بن.

کەواتە، هەروەك پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، بێباوەڕان هەمیشە بەدەوری بازنەیەکدا دەخولێنەوە، بەدوای ڕێگایەکدا دەگرێن کە لێوەی بێنە دەرەوەو پێی دەرباز بن ،ئەو ڕێگایەش سەرچاوەکەی دۆزینەوەی قورئان نەبێت کە دەیانگەڕێنێتەوە بۆ سەرچاوە تەواوەکەیان. لەلایەك، ، ڕۆژانی دووشەمە، چوارشەمە و هەینی دەڵێن : " ئەو پیاوە ( پێغەمەبەر -د.خ- ) درۆزن بوو، لەلایەکی تریشەوە پاشان لە ڕۆژانی سێشەمە، پێنجشەمە و شەممەدا دەڵێن پێغەمبەر شێت بوو" .ئەوەی کە ڕەتی دەکەنەوە قبووڵی بکەن ئەوەیە کە هیچ یەکێکیان ئامادەنیە هەردوو بیدۆزەکە بگرێتەبەر (هەردوو وەسف کردن بۆ پێغەمبەر قبووڵ بکات ). پێویستیان بە هەردوو بیردۆزەکە هەیەو بڵگەی هەردووکیانیش لە قورئاندا ڕوونکراوەتەوە.

# ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ وەزیرێکدا :

پێش حەوت ساڵ لەمەوبەردا، وەزیرێك سەردانی کردم لە ماڵەوەدا. لەو ژورە تایبەتیەی کەلێی دانیشتبووین، قورئانێك لەسەر مێزێکدا داندرابوو. قورئانەکە سەراوگێر کرابوو، وەزیرەکەش نەیدەزانی کە ئەوە چ جۆرە پەرتووکێکە. لە ناوەڕاستی ووتوویژدابووین، من ئاماژەم بە قورئانەکەداو ووتم : " من باوەڕم بەو پەرتووکە هەیە " وەزیرەکە سەیری قورئانەکەی کرك بەلاّم نەیدەزامی کە چ جۆرە پەرتووکێکە،بۆیە وەلاّمی دایەوەو ووتی : " لەڕاستیدا پێت دەڵێم کە ئەگەر ئەو پەرتووکە ئینجیل نیە، ئەوە نوسراوە لەلایەن پیاوێکەوە ! " لەوەلاّمی ئەو قسەیەدا منیش پێم ووت : " با هەندێك زانیاریت بۆ روون بکەمەوە کەلەو پەرتووکەدا هاتووە " تەنها لە سێ چوار خولەکدا هەندێك زانیاریم بۆ گێڕایەوە کەلە قورئاندا ئاماژەیان بۆ کراوە. دوای ئەو ماوەیە، بەتەواوەتی هەڵوێستی خۆی گۆڕی و ووتی : " تۆ ڕاست دەکەیت، ئەو پیاوە ئەو پەرتووکەی نەنوسیووە، بەلکو شەیتان نوسیویەتی !". بێگومان هەبوونی ئەو هەڵویست و بیرکردنەوانە زۆر بەدبەختیە، ئەمەش لەبەر هۆکاری زۆردا. یەکێك لەو هۆکارانە، هۆکاری پەلەکردن و هە نجەتو بەهانەی سادەن. ئەمەش نیشانەی دەرچوونی دەسبەجێی بارودۆخی ناسوپاسگوزاریە.

شایانی باسە، چیرۆکێکی بەناوبانگ لەناو ئینجیلدا هەیە، باس لەوەدەکات کە چۆن جارێکیان هەندێك لە جولەکەکان گەواهیدەربوووینە لەوکاتەی کە عیسی پێغەمبەر( د.خ ) پیاوێکی لە گۆڕدا هەڵساندۆتەوەو زیندووی کردۆتەوە. دوای تێپەڕبوونی چوار ڕۆژ، ئەو پیاوە دووبارە مردۆتەوە. جا لەوکاتەی کە عیسی ( د.خ ) هاتوو بەسادەیەوە پێی فەرموو " هەڵسەوە ( زیندوو ببەوە ) "، ئەویش زیندوو بۆوەو دەستی بە ڕۆیشتن کردووە.

لەو دیمەنەدا، هەندێك لەو جولەکانەی کەئەو دیمەنەیان بینیبوو، بەبێ باوەڕیەوە ووتیان : " ئەمە شەیتانە، شەیتان یارمەتی داووە !" . ئەمڕۆ ئەو چیرۆکە لەهەموو کلێسەکانی دنیادا دووبارە دەگێردرێتەوە، خەڵکیش بە دەنگی بەرزەوە فرمێسکی بۆ دەڕێژن و دەڵێن : " ئەی هاوار، گەر من لەوێ بوومایە، ئەوە وەکو جولوکە بێمێشك و گەمژەکان نەدەبووم !"، بەلاّم، مایەی گاڵتەجاریە کە ئەو خەڵکانە هەمان ئەو کارە دەکەنەوە کە جولەکەکان کردوویانە لەو کاتەی کە تەنها لە سێ چوار خولەکدا بەشێکی بچووکی قورئانیان بۆ ڕوونەکەینەوە ئەوە هەموویان دەگونجێ بڵێن : " نۆ، ئەوە شەیتانیش ئەو کارەی کردووە و ئەو پەرتووکوی نوسیووە !" .جا بێگومان، لەبەر ئەوەی ئەوان گەڕاینەوە بۆ گۆشەیەك وهیچ وەلاّمێکی تری ڕاستگۆییان پێ نەماوە، ئەوە پەنا دەبەنەبەر ئەو هە نجەتە سادەو خێرایە.

# سەرچاوەی قورئان :

نمونەیەکی تر لەو نمونانەی کە خەڵکی لەبەر بیروباوەڕی لاوازیاندا بەکاری دەهێنن ئەوەیە کە لێکدانەوەی مەککیەکانە سەبارەت بە سەرچاوەی پەیامی پێغەمبەر. هەمیشە دەڵێن : " شەیتانەکان ئەو قورئانەیان بۆ محمد ( د.خ ) هێناوە " . بەلاّم هەروەك پێشنیارو بیروباوەڕەکانی تریاندا قورئان توانیویەتی وەلاّمی هەموو ئەوانە بداتەوە. لە یەکێك لە ئایەتەکاندا ﴿ س – القلم – ٥١ – ٥٢ ﴾ پەروەدگار دەفەرموێت :

" ئەوانەی بێباوەڕبوون دەڵێن : ئەم پێغەمبەرە دەستی لێ وەشێندراوە ( لەلایەن شەیتان ). لە کاتێکدا قورئان تەنها بریتیە لە یادخستنەوەی هەموو خەڵکی ئەم جیهانە ( ئەگەر تێبفکرن ) "

بەم شێوەیە ئەو گفتوگۆیە دەبەخشێت وەك وەلاّم دانەوەیەك بۆ ئەو بیروبۆچونو بیردۆزانەیان. بێگومان، کۆمەڵێك گفتوگۆو ووتوویژ لە قورئاندا هاتوون وەکو وەلاّمدانەوەیەك بۆ ئەو بیروبۆچونو پێشنیارانەی کە دەڵێن شەیتانەکان پەیامی قورئانیان بۆ محمد ( د.خ ) هێناوە. بۆ نمونە، لە بەشی بیست و

شەشەمینی قورئاندا پەروەردگار بە ئاشکرا تەئکید دەکاتەوە کە" دڵنیابن کە ئایەتەکانی ئەم قورئانە وەنەبێت لە ڕێگای شەیتانەکانەوە ڕەوانە کرابێت. شتی وا بەوان ناکرێت و هەرگیز ناتوانن بەکاری وا هەڵستن. بێگومان ئەو شەیتانە لە بیستنی وەحی و فەرمانەکانی خوا کە ڕادەگەیندرێت بە فریشتەکان دوورو بەرکەنارن " ﴿ س – الشعراء - ٢١٠ – ٢١٢ ﴾. هەروەها لە سورەتێکی تری قورئاندا پەروەردگار ئامۆژگاریمان دەکات بەوەی کە " ئینجا کاتێك قورئانت خوێند، ئەوە پەنا بگرە بە خوا لە شەیتانی نەفرین کراو " ﴿ س – النحل – ٩٨ ﴾.

کەواتە ئێستا چۆن دەکرێت شەیتان ئەو قورئانەی نوسیبێت ؟ کە ( شەیتان ) بە یەکێك بڵێت " پێش ئەوەی پەرتووکەکەم بخوێنیت، نزا لە خوا بکە کەلەمن بتپارێزێت ؟ " ئەمە کارێکی زۆر زۆر فێڵاویە. جا ئەگەر کەسێك بتوانێك کارێکی وا بکات بەڵام ئایا شەیتان دەتوانێت ئەو کارە بکات ؟ زۆربەی خەڵکی بە ئاشکرایی دەڵێن کە ئێمە ناتوانین بگەینە دەرئە نجامێکە ئاوا لەو بابەتەدا. لەلایەکەوە، پێیان وایە کە شەیتان ناتوانێت ئەو جۆرە کارانە بکات، وەهەتا ئەگەریش بتوانێت، ئەوە پەروەردگار ڕێگای نادات تا ئەو کارە بکات، وەلەلایەکی دیکەشەوە، پێیان وایە کە شەیتان تەنها دروستکراوێکە کە زۆر زۆر کەمترە لە پەروەردگار. لە ڕاستیدا، ئەو خەڵکانە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە شەیتان دەتوانێت بە باشی ئەو کارە بکات هەروەك چۆن پەروەردگار دەتوانێت بیان کات. لە ئە نجامیشدا کاتێك کە سەیری قورئان دەکەن،سەرەرای ئەوی کە تووشی سەرسورمان دەبن لێی کە ئەمە چ جۆرە پەرتووکێکی سەرسورهێنەرە، بەڵام هەرسوورن لە سەری بیروبۆچونی خۆیان کە دەڵێن شەیتان ئەو پەرتووکەی نووسیووە.

سوپاس بۆ پەروەردگار کە موسڵمانان ئەو بیروبۆچونانەیان نیە. جا هەرچەندە لە وانەیە شەیتان کەمێك توانای هەبێت، بەڵام زۆر لە مێژە ئەو هێزو توانایەی لێسەندراوەتەوەو جیاکراوەتەوە لە تواناکانی پەروەردگار. خوانەناسێك کە بۆتە موسڵمان ئەوە باوەڕ بەمە دەکات. زانیاریەکی ئاشکرایە، بە تایبەتی لە نێوان بێباوەڕەکاندا کە شەیتان زۆر بەئاسانی هەڵە دەکات، وەهەروەها چاوەڕوانی ئەوەش کراوە کە خۆی بەدرۆ بخاتەوە ئەگەر لەوکاتەی ئەو قورئانەی نووسیبێت. بێگومان قورئان ئاماژەی بەمەش داوە لە ﴿ س – النساء- ٨٢ ﴾ :

" ئەوە بۆ ئەوانە سەرنجی قورئان نادەن و لێکی نادەنەوە و لێی ووردنابنەوە ؟ خۆ ئەگەر لەلایەن کەسێکی ترەوە بوایە جگە لە خوا بێگومان جیاوازی و دژایەتیەکی زۆریان تێدا دەدۆزیەوە " .

# درۆناسی :

ئەو بەهانەیەی کە بێباوەڕان لە سەرەتادا دەیبەستنەوە بە هەوڵە بێهودەکانیانەوە بۆ هێنانەوەی پاساوی شینەکراوەی ئایەتەکانی قورئان، هێرشیکی دیکەیان هەیە کە هەندێك جار وادەکات کە پەیوەست بێت بەو بیردۆزانەی کە محمدیان (د.خ) بە شێت و درۆزن داناوە. لەسەرەتادا ئەو خەڵکە ( بێباوەڕانە ) پێیان وابوو کە محمد (د.خ) شێتە، لە ئە نجامی فێڵکردنیدا درۆ دەکات و خەڵکی گومڕا دەکات. ئەمەش ناوێکی هەیە لە زانستی درۆکردندا. ئەوە ناوەش بریتیە لە درۆناسی. مەبەستیش لە درۆناسی ئەوەیە کە کەسێك ووتەیەك دەڵێت، دواتر خەڵکی بڕوای پێدەکەن. ئەمەش هەر ئەو شتەیە کە بێباوەڕان دەیڵێن کە محمد (د.خ) تووشی هاتووە. بەڵام تاکە گرفتی ئەو بیردۆزەیان ئەوەیە کە ئەگەر یەکێك تووشی نەخۆشی درۆناسی بێت، ئەوە بە دڵنیاییەوە بەهیچ شێوەیەك ناتوانێك مامەڵە لەگەڵ ڕاستیەکاندا بکات، تاکو ئێستاش قورئان هەمووی دامەزراوە لەسەر ڕاستیەکان بە تەواوەتی. هەموو ئەو بابەتانەی کە قورئان لەخۆی گرتوون و باسیانی لێوە دەکات، دەتواندرێت لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئە نجام بدرێت بە ڕاستی. هەر لەو ساتەی کە ئەو ڕاستیانە بونەتە مایەی سەرئێشەو گیروگرفت بۆ درۆزانەکان یاخود درۆناسەکان، کە زانایانی دەرووناسی هەوڵ دەدەن چارەسەری ئەو کەسانە بکەن کەبەدەست ئەم بارودۆخەوە دەناڵێنن، ئەوە هەمیشە ڕووبەڕووی ئەو ڕاستیانە دەبنەوە.

بۆنمونە، گەر کەسێك جەستەی نەخۆش بێت و بڵێت  " من پادشای ئینگلیزم " ئەوە زانایانی دەروناسی پێی ناڵێن نەخێر تۆ پادشای ئینگلیز نیت، بەڵکو پێی دەڵێن تۆ شێتیت ! ئەگینا بۆ وادەکەیتو وا دەڵێیت. جگەلەمەش، ڕووبەڕووی ڕاستیەکان دەبێتەوە و پێی دەڵێن : باشە، تۆ کە دەڵێیت من پادشای ئینگلیزم، کەوایە پێمان بڵێ ئەمڕۆ شاژن لە کوێیە ؟ ئەی کوانێ سەرۆك وەزیرانت ؟ ئەی کوانێ پاسەوانەکانت ؟ کەواتە ئەگەر ئەو کەسە گرفتێکی هەبوو، ئەوە هەوڵ دەدات مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسیارانەدا بکات، هەوڵ دەدات پاساو بەهانە بهێنێتەوە دەڵێت : ئەها..... شاژن..... چۆتە لای دایکی، ئەها..... سەرۆك  وەزیران..... مردووە، لە ئەنجامدا لە نەخۆشیەکەی چاك دەبێتەوە چونکە ناتوانێت مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕاستیانەدا بکات. جا ئەگەر بێتو زانایانی دەروناسی هەمیشە ڕووبەڕووی ئەو ڕستیانەی بکەنەوە، ئەوە لە کۆتاییدا ڕووبەڕووی ڕاستیەکان دەبێتەوەو دەڵێت، پێم وایە کە من پادشای ئینگلیزەکان نیم.

قورئانیش مامەڵە لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەدا دەکات کە دەیخوێننەوە بەهەمان ئەو ڕێگایەی کە زانایانی دەروناسی چارەسەری نەخۆشی درۆناسی پێدەکەن. لە ئایەتێکی قورئانی پیرۆزدا ئاماژە بەوە کراوە کە :

" ئەی خەڵکینە، بەڕاستی ئێوە ئامۆژگاریەکی گەورەو گرنگتان لەلایەن پەروەردگارتانەوە بۆ هاتووە کە ( قورئانە ) شیفاو چارەسەریشە بۆ نەخۆشی دڵ و دەروونەکان و ڕێنیشاندەرو ڕەحمەتیشە بۆ ئیمانداران " ﴿ س – یونس – ٥٧ ﴾.

لەگەڵ یەکەم سەرەنجدان لەو ئایەتەدا دەردەکەوێت کە نادیارەو زۆر ڕوون نیە، بەڵام ماناکەی ئاشکرایە گەر بێتو یەکێك سەیری بکات لە ڕوانگەی ئەو نمونەی کەلەسەرەوەدا ڕوونکراوەتەوە. بێگومان کەسێك بە خوێندنەوەی قورئان چاك دەبێتەوە لە ( نەخۆشیە ) خەیاڵاویەکەی. قورئان هەر لە بنەڕەتدا چارەسەرو شیفایە. ووشە بە ووشەی قورئان خەڵکانی خەیاڵاوی چاك دەکاتەوە لە ئەنجامی ڕووبەڕووکردنەوەیان لەگەڵ ڕاستیەکاندا. ئەو ووتە بەناوبانگەی کەلە قورئاندا هاتووە ئەوەیە کە دەڵێت " ئەی خەڵکینە بزانن کە ...هتد ؟ ئەمە ئەو کەسانە ناچار دەکات کە دان بنێن بەوەی کە پەیوەندی بابەتەکەوە هەیە لەو کاتەی کە ئەوکەسانە چارەسەردەکات لەو خەیاڵاویەی کە ڕاستیەکانیان لەلایەن خواوە پێشکەش دەکرێت، پەروەردگاریش بە ئاسانی دەتوانێت بۆیان ڕوونبکاتەوە دوور لە بیردۆزو پاساوە بێبەهاو لاوازەکانیان.

## پەرتووکی کاسۆلیکی نوێ :

ئەو جۆرە بابەتانە ( ڕووبەڕووکردنەوەی خەڵکی بەرامبەر ڕاستیەکاندا ) سەرنجی زۆربەی بێباوەڕەکانی بۆلای خۆیدا ڕاکێشاوە. لە ڕاستیدا، سەرچاوەیەکی تری گرنگتر هەیە کە پەیوەستە بەم بابەتەوە لە پەرتووکی ( ئینسایکلۆپیدیای ) کاسۆلیکی نوێدا. لە یەکێك لەو بابەتانەی کەلەسەر قورئاندا هاتوون ئەوەیە کە کلێسای کاسۆلیکی دەڵێت : " بە درێژایی سەردەمەکاندا، چەندەها بیروبۆچون و بیردۆز خراونەتە ڕوو سەبارەت بە ڕاستی و ئەصلی قورئان.....بەڵام لە کاتی ئێستادا هیچ مرۆڤێکی ژیر هیچ یەکێك لەو بیردۆزانەی قبووڵ نەکردووە !! ". ئەمڕۆش کەبەسەردەمی کلێسەی کاسۆلیکی زێڕیندا دادەندرێت، کە چەندەها سەدە دەبێت بەردەوامە، ئەو هەوڵە بێهودانە ڕەتدەکاتەوە کەبۆ شیکردنەوەی قورئان تەرخانکراون.

لە ڕاستیدا، قورئان بۆتە گرفتێك بۆ کلێسەی کاسۆلیکی. باسی ئەوە دەکات کە قورئان وەحی ( پەروەردگارە )، بۆیە دەیخوێننەوەو لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەنجام دەدەن. بێگومان پێیان خۆشیشە کە بەڵگەیەکیان دەست بکەوێت تاوەکو بیسەلمێنن کە قورئان وەحی نیە،بەڵام هەرگیز ئەو کارەیان پێناکرێت. هەروەها ناشتوانن لێکدانەوەیەکی پراکتیکی بۆ بدۆزنەوە، بەڵام سەرئەنجام ڕاستگۆ دەبن لەگەڵ لێکۆڵینەوەکانیانداو قبووڵی یەکەم لێکدانەوەی ناڕاست ناکەن کە بۆ ماوەیەکی زۆرە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. ئەو کلێسەیە ئاماژە بەوە دەکات کە بۆ ماوەی چواردە سەدەیە  تاکو ئێستا هیچ لێکدانەوەیەکی ماقووڵ پێشکەش نەکراوە ( سەبارەت بە قورئان )، بەلایەنی کەمەوە کلێسە دان بەوە دادەنێت کە قورئان پەرتووکێکی ئاسان نیە

تاوەکو ڕەتبکرێتەوە. بێگومان خەڵکانی تریش زۆر ڕاستگۆ نین لەو بابەتەدا. زۆر بەپەلەو خێرایی دەڵێن : " نۆ، ئەوە قورئان گەیشتە ئێرەش. نۆ، ئەوە قورئان گەیشتی ئەوێش " بەلاَم، ئەو خەڵکانە سەیری باوەڕپێکراوی خۆیان ناکەن لەوەی کە هەموو کات باسی دەکەن.

بێگومان ئەو قسەوباسانەی کلێسە گیروگرفت بۆ مەسیحیەکان دەنێتەوە. لەوانەیە کە ئەمە تەنها بیروبۆچونی تایبەتەی کلێسە بێت لەسەر ڕاستی و ئەصلی قورئاندا، بەلاَم وەکو ئەندامێکی کلێسە ناتوانێت کار بەو بیروبۆچونە تایبەتیە ( کەسیە ) بکات. ئەو کارانەش پێچەوانەی گوێڕایەڵی و ئەمەکداری و دڵسۆزیە کە کلێسە بانگەشەیان بۆ دەکات. بەهۆی چاکەخوازی ئەندامیەتەکەیەوە، دەبێت هەرچی کلێسەی کاسۆلیکی دەیڵێت، قبووڵی بکات وبەبێ پرسارکرن وەهەروەها وەکو ڕۆتینێکی ڕۆژانەش کەسانی دیکەش فێری ئەمە بکات.

کەواتە، بە شێوەیەکی گشتی ئەگەر کلێسەی کاسۆلیکی بڵێت " گوێ مەگرن لە زانیاری و بابەتە دووپاتنەکراوەکانی قورئان " ئەوە دەبێت دواتر چی بڵێت دەربارەی ئیسلام ؟ جا ئەگەر بێباوەڕان دان نەنێن بەوەی کە شتێك لە قورئاندا هەیە،ئەو شتەش دان پێنانی قورئانە، کەوایە بۆچی ئەو بێباوەڕانە زۆر کەلەرەق و بەرگریکار و دوژمندارن لەوکاتەی کە موسڵمانان دەستپێشخەری هەمان بیردۆز دەکەن ؟ بێگومان ئەمە ئەو بابەتەیە بۆ ئەوانەی کە خاوەنی بیرۆهۆشن تاوەکو لێی تێبفکرن،بابەتێکە کەلە بیر هزراندا دەچێت بۆ ئەوانەی کە تێیدەگەن ! .

# گەواهی نامەی ژیری :

بەم دوایانەدا ئەو پیاوە ژیرەی کە ناوی ( هانس ) بوو کلێسەی کاسۆلیکی بەڕێوەدەبرد، هەستا بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەسەر قورئانداو ڕاوبۆچونی خۆی دەربڕی لەسەر ئەوەی کە چی خوێندۆتەوە لە قورئاندا. ئەم پیاوە چەندەها جار بەو ئاراستەیەدا ڕۆیشتووە و زۆریش ڕێزی لێدەگیرێت لەناو کەنیسەی کاسۆلیکیدا، دوای لێکۆڵینەوەیەکی وورد، ئەوەی کە دۆزیەوە لە قورئاندا کردی بە ڕاپۆرتێکو بلاَوی کردووە کەلە ئەنجامدا گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی کە دەڵێت " پەروەردگار گفتوگۆو ووتووێژی ئەنجامداوە لەگەڵ مرۆڤێك بە هۆی مرۆڤێکی دیکەوە کە محمدە ( د.خ ) ". دووپاتی دەکەمەوە کە ئەمە ئەو دەرئەنجامەیە کەلە سەرچاوەیەکی بێباوەڕانەوە هاتووە، لەلایەن خودی ئەو کەسەی کە بە ژیری خۆیەوە کلێسەی کاسۆلسکی بەڕیوەبردووە، پێی گەیشتووە.

باوەڕناکەم پاپا بیروبۆچونی ئەو پیاوە قبووڵ بکات، بەلاَم هەرچۆنێك بێت ئەوە ئەو بیروبۆچونەیە کە بە تێبینیەکانیشەوە، وا دادەندرێت کە دەبێت ڕای گشتی قورسایەك دروست بکات بۆ بەرگری کردنی لە بۆچونی موسڵمانان. پێویستە ئەو پیاوە چەپلەی بۆ لێبدرێت بۆ ڕووبەڕوو کردنەوەی ڕاستیەکاندا لەوەی کە قورئان پەرتووکێك نیە وا بە ئاسانی بتواندرێت فەرامۆش بکرێت وەهەروەها تەنها خواش خاوەنی ( سەرچاوەی ) ئەو ووشەو ئایەتانەیە.

هەروەکو بەڵگەیەك لەسەر ئەو زانیاریانەی کەلەسەرەوەدا ئاماژەیان بۆکرا، هەموو ئەو گریمانانەی کە دەگونجا بگۆترابا و بکردرابا، ئەوە هەموویان تەواوبوون و کۆتاییان پێهات. بۆیە، تاکو ئێستا دەرفەتی دۆزینەوەی گریمانەیەکی تر لە ئارادانیە بۆ ڕەتکردنەوەی قورئانی پیرۆز.

# بەرپرسیارەتی سەلماندن لەسەر ڕەخنەدا :

ئەگەر ئەو پەرتووکە ( قورئان ) وەحی نەبێت، ئەوە ( بە بڕوای بێباوەڕەکان ) فێڵ و سەرلێشێواویە، خۆ ئەگەر فێڵ و سەرلێشێواوی بێت، ئەوە پێویستە یەکێکیان ئەو پرسیارە بکات و بڵێت : " ئەی باشە سەرچاوە و ئەصڵەکەی چیەو لەکوێیە ؟ وەلە کوێوە ئێمە هەڵدەخەڵەتێنێت ؟ لەڕاستیدا، وەڵامی دروست بۆ ئەو پرسیارانە تیشکی خراوەتەسەر لە ئەصلی قورئانداو ئەو بێدەنگیە تاڵیەی کە بێباوەڕان بانگەشەی ناڕاستی بۆ دەکەن.

بێگومان، ئەگەر ئەو بێباوەڕانە هەر سووربن لەسەر ئەوەی کە قورئان پەرتووکێکی سەرلێشێواویە، ئەوە لەو ڕوانگەیەوەدا دەبێت بەڵگە بهێننەوە بۆ داکۆکی کردن لەو بانگەوازەیاندا. بەرپرسیارەتی سەلماندن دەکەوێتە ئەستۆی ئەوان، نەك ئەستۆی موسڵمانان!. کەسێك هەرگیز وای بۆ نەچووە کە دەستپێشخەری بکات لەو بیروبۆچەنەدا بەبێ هەبوونی بەڵگەی پشتپێبەستراوی دروست. کەواتە، من پێیان دەڵێم : " تەنها یەك فێڵ و سەرلێشێواویم پیشان بدەن ! پیشانم بدەم لە کام شوێنی قورئاندا هەڵم دەخەڵەتێنێت ! پیشانم بدەن، ئەگینا مەڵێن قورئان فێڵ و سەرلێشێواویە ! " .

# بنچینەی ژیان و دنیا :

یەکێك لە سیفەتە گرنگەکانی قورئان بریتیە لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ دیاردە سەرسورهێنەرەکاندا کە نەك تەنها پەیوەست بێت بە ڕابوردووەوە، بەڵکو لەگەڵ ئەو دیاردانەش کە پەیوەندیان بە ئێستا و داهاتووشەوە هەیە. لە ڕاستیدا، قورئان لە سەردەمی کۆن و لە کاتی ئێستاشدا هەر گیروگرفت بووە بۆ بێباوەڕەکان. هەموو ڕۆژێك، هەموو هەفتەیەك، هەموو مانگ و ساڵێك بەڵگەی زۆر پێشکەش دەکات و دێنێتە کایەوە کە دەیسەلمێنێت قورئان ئەو هێزەیە کە دەبێت مشتومڕی لەگەڵدا بکرێت، ئەمەش ئەو ڕاستیەی قورئانە کە نابێت لەمە زیاتر ڕووبەڕووبگرێتەوە!. بۆنمونە، قورئان لە یەکێك لە ئایەتەکانیدا دەفەرموێت :

" ئایا ئەوانەی بێباوەڕبوون نەیانبینیووەو بۆیان ڕوون نەبۆتەوە بەڕاستی ئاسمانەکان و زەوی یەك پارچەبوون، لەمەودوا لێکمان جیاکردنەوە، لە ئاویش هەموو شتێکی زیندوومان فەراهەم هێناوە، ئایا ئەوانە هەر باوەڕ ناهێنن ؟ " ﴿ س - الانبیاء - ٣٠ ﴾. مایەی گاڵتەجاریە کە ئەو زانیاریانە بە تەواوەتی هەمان ئەو زانیاریانەبوون کە کۆمەڵێك لە بێباوەڕان خەلاتی نۆبلیان لەسەر پێبەخشرا لە ساڵی ١٩٧٣ دا.

قورئان ئاماژە بە بنچینەو ئەصڵی ئەم دنیایە دەکات – کە چۆن بە پارچەیەك دەستی پێکردووەو دروست بووە – پاشان مرۆڤ بەردەوام بووە لەسەر زیندووکرنەوەی تاکو ئەمرۆشی لەگەڵدا بێت. سەرەرای ئەمەش، ڕاستیەکە بەم شێوەیە کە هەموو ژیان لە ئاو پێکهاتووە، کەبەڕاستی ئەمەش کارێکی ئاسان نەبووە بۆ باوەڕهێنان بە خەڵك پێش چواردە سەدە لەمەوبەردا. بێگومان ئەگەر (١٤٠٠) ساڵ پێش ئێستا لە بیابانێکدا بیتو بەیەکێك بڵێیت : " هەموو ئەو شتانەی کە تۆ دەیانبینیت ( ئاماژە بۆ ئەو کەسە بکات ) بەشی زۆری لە ئاو پێکهاتوون"، ئەوە مەحاڵی هیچ کەس باوەڕت پێ بکات. ئەو بەڵگەیەش نەتواندرا ئاشکرا بکرێت تاکو مایکرۆسکۆب داهێندرا. ئەو خەڵکە دەبوایە چاوەڕێیان بکردبا تا دۆزینەوەی سایتۆپلازم، کە سەرچاوەی پێکهاتەی خانەیە، لە ٨٠٪ لە ئاو دروست بووە،بۆیە بەو بەڵگەیە تواندرا بسەلمێنردێت، ئەمەش جارێکی دیکەش دووپاتی دەکاتەوە کە قورئان وەستاوە لەسەر لێکۆڵینەوە کاتیەکان.

# ووتووویێژی زیاتر لەسەر بەڵگەی هەڵخەڵەتاندن :

وەکو ئاماژەیەك بۆ ئەو بەڵگە هەڵخەڵەتێندراوانەی کە پێشتر ئاماژەیان بۆ کرا، گرنگە تێبینی ئەوەش بکرێت کە ئەو بەڵگانە پەیوەندیان بە ڕابردوو کاتی ئێسادا هەیە. هەندێك لەو بەڵگانە بەکارهێندراون، وەکو پیشانداتی هێزو زانستی پەروەردگار، بەلاّم بەڵگەکانی تر بەردەوامن لە ڕووبەڕووبونەوە لە کاتی ئێستادا. نمونەیەکیش لەم بارەیەوە، کە پێشتریش ئاماژەی بۆ کراوە، ئەو بارودۆخە بوو کەلە قورئاندا ئاماژەی بۆ کراوە سەبارەت بە أبو لەهەب. ئەمەش بە ئاشکرا دەیسەلمێنێت کە پەروەردگار زانایەو ئاگادارە بە شتە نەبیندراوەکان، دەزانێت کە أبو لەهەب هەرگیز بیروباوەڕی خۆی ناگۆڕێت و نابێت بە ئیسلام. بۆیە، پەروەردگار ئاماژە بەوە دەکات کە أبو لەهەب هەتا هەتایە نەفرەتی لێدەکرێت لەناو ئاگری دۆزەخدا. ئەم نمونەیەش لەلایەکەوە زانایی وەحی خوا ڕوون دەکاتەوە، لەلایەکی تریشەوە هۆشداریە بۆ ئەو کەسانەی کە وەکو أبو لەهەبن.

# خەڵکی ئەو پەرتووکە :

نمونەیەکی زۆر گرنگ هەیە وەك دواهەمین جۆرەکانی بەڵگەی هەڵخەڵەتاندن کە دەڵێن لە قورئاندا ئایەتێك هەیە باس لە پەیوەندی نێوان موسڵمانان و جولەکەکان دەکات. ئەو ئایەتە بە ووردی باس لە بواری پەیوەندی نێوان ئەندامانی تاکەکەسی هەریەك لەو ئایینانە ناکات، بەلکو بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندی نێوان ئەو دوو گرووپەی چڕ کردۆتەوە. بێگومان قورئان ئاماژە بەوە دەکات کە مەسیحیەکان هەمووکات بەباشی مامەڵەیان لەگەڵ موسڵماناندا کردووە بە بەراوورد لەگەڵ ئەو مامەڵەیەی کە جولەکەکان لەگەڵ موسڵماناندا کردوویانە. لەڕاستیدا کاریگەری تەواوی ئەو قسەیەش ئەو کاتە بەدیار دەکەوێت کە بە هەستێکی ووردبینیەوە لە مانای ڕاستەقینەی ئەو ئایەتە بگەیێندرێت. ئەمە ڕاستە کە ژمارەیەکی زۆری مەسیحی و جولەکە بوونەتە ئیسلام، بەلاّم بەشێوەیەکی گشتی، جولەکەکان وەکو شەیدای دوژمنانی ئیسلام سەیر دەکرێن. خەڵکانێکی زۆر کەم هەن کە تێبگەن لەو جۆرە بانگەوازە ئاشکرایانەی کە قورئان بانگەشەی بۆ دەکات. بۆیە، ئەمە دەرفەتێکی ئاسانە بۆ جولەکەکان بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە قورئان درۆیەو وەحی ئاسمان نیە. ئەوەی لەسەر هەموو ئەو جولەکانە پێویستە ئەنجامی بدەن ئەوەیە کە دەبێت خۆیان ڕێك بخەنەوە، بۆ چەند سالانێکی کەم بە باشی مامەڵە لەگەڵ موسڵمانان بکەنو ئینجا پێیان بڵێن : " ئێستا پەرتووکی پیرۆزی ئێوە چیتان پێ دەڵێت لەبارەی ئەوەی کە کێ باشترین دۆستی ئێوەیە لەم دنیایەدا، جولەکەکان یاخود مەسیحیەکان ؟ سەیرکەن ئێمەی جولەکە چیتانمان بۆ کردووە ! ". هەموو کارێکیان ئەنجامداوە تەنها بۆ ئەوەی ڕاستی قورئان ڕەتبکەنەوە، بەلاّم لەماوەی (١٤٠٠) ساڵی ڕابردوودا بۆیان نەکراوە ئەو کارە بکەن، بەلاّم وەك پیشەی هەمیشەییان، بەردەوامن لەسەر ئەنجامدانی ئەو کارەیان.

# ڕێبازی ماتماتیکی :

هەموو ئەو نموونانەی کە تاکو ئێستا باسکراوون پەیوەستن بە تەوەرەی (خاڵی) جیاوازەوە، کە هەریەك لەو تەوەرانە دەتواندرێت ببێت بە ڕێباز و ڕێچکەیەك بۆ قورئان بۆ ئەوەی ببێت بە پەرتووکێکی بابەتیاتە (زانستیانە) لە بنەڕەتدا، بەڵام ئەمە تەوەرێکی دیکەش دێنێتە ئاراوە، لە نێوان تەوەرەکانی تردا، ئەویش مەبەست و ئامانجەکەیەتی ئەوەی کەلەسەر ماتماتیك-بیرکاری- دامەزراوە.

شتێکی سەرسورهێنەرە کە چۆن ڕاستیەکانی قورئان دروست بوون لەوکاتەی کە دەستەو تاقمێك ئاماژەیان بۆ دەکەن وەکو لیستێکی باشی هەڵبژاردن ( گریمانە ). لە ڕووی ماتماتیکەوە، دەتواندرێت قورئان بەکاربهێندرێت وەکو نموونەی هەڵسەنگاندن و پێشبینیکردن. بۆ نموونە، ئەگەر بێتو یەکێك دوو هەڵبژاردنی لەبەردەمدا بێت ( وەك ئەوەی یەکێکیان ڕاست، ئەوی دیکەش چەوت )، پاشان ئەو کەسە چاوەکانی بنوقێنێت ویەکێك لەو دووانە هەڵبژێرێت، ئەوە تەنها نیو جار (یەك لەو دوانە دەروات ) دەکرێت هەڵبژاردنە ڕاستەکە هەڵبژێرێت. بێگومان، یەك جار دەرفەتی هەیە ڕاست هەڵبژێرێت لەو دوو جارەدا، کەواتە یان دەبێت هەڵبژاردنە ڕاستەکە هەڵبژێرێت یانیش هەڵبژاردنە هەڵەکە.

ئینجا ئەگەر بێتو هەمان ئەوکەسە لەبەردەم دوو بارودۆخی وەکو ئەمەدا بێت ( وەك ئەوەی یان ڕاست یانیش هەڵە لە بارودۆخی یەکەمدا،هەروەها یان ڕاست یانیش هەڵە لە بارودۆخی دووەمدا ) ئینجا ئەو کەسە چاوەکانی بنوقێنێت و هەڵبژاردنەکەی ئەنجام بدات، ئەوە تەنها یەك جار لەو چوار جارە دا دەکرێت ڕاست بێت ( چونکە یەك هەڵبژاردن لەو چوار هەڵبژاردنە دەردەهێنێت ). کەواتە ئەو کەسە تەنها یەك دەرفەتی هەیە لەو چوار دەرفەتەدا، چونکە دەبێت سێ هەڵبژاردنی بەردەمی هەڵە بێت و تەنها یەکێکیان ڕاست بێت. بە مانایەکی ئاسانتر، دەکرێت هەڵبژاردنی هەڵە هەڵبژێرێت لە بارودۆخی یەکەمدا، ئینجا هەڵبژاردنی هەڵە هەڵبژێرێت لە بارودۆخی دووەمدا، یاخود دەکرێت هەڵبژاردنی هەڵە هەڵبژێرێت لە بارودۆخی یەکەمدا پاشان هەڵبژاردنی ڕاست هەڵبژێرێت لە بارودۆخی دووەمدا، یانیش لەوانەیە هەڵبژاردنی ڕاست هەڵبژێرێت لە بارودۆخی یەکەمدا، دواتر هەڵبژاردنی هەڵە هەڵبژێرێت لە بارودۆخی دووەمدا، یاخود لەوانەیە هەڵبژاردنی ڕاست هەڵبژێرێت لە بارودۆخی یەکەمدا ئینجا لە بارودۆخی دووەمیشدا هەڵبژاردنی ڕاست هەڵبژێرێت.

بێگومان ( تەنها نموونە کە دەکرێت ڕاست دەربچێت بە تەواوەتی بریتیە لە دواهەمین نموونە ( سیناریۆ ) کە ئەو کەسە لەهەردوو بارودۆخەکەدا هەڵبژاردنی ڕاست هەڵدەبژێرێت. گریمانەی هەڵبژاردنەکەش هەمووی بەڕاست زۆر بە هێز دەبێت بۆی چونکە ژمارەی ئەو هەڵبژاردنانەی کەلە بەردەمیدانە بۆ هەڵبژاردن زۆر کراوون. ئەو هاوکێشە ماتماتیکەش کە باس لەو سیناریۆیە دەکات بریتیە لە ($\frac{1}{2} \times \frac{1}{2}$ ) واتە ( یەك دابەش دوو لە بارودۆخی یەکەمدا جاران یەك دابەش دوو لە بارودۆخی دووەمدا ) .

هەر لەسەر ئەو نموونەی سەرەوەدا، ئەگەر بێتو ئەو کەسە لەبەردەم سێ بارودۆخدا بێت کە بە چاو نوقاندنەوە هەڵیان بژێرێت، ئەوە ئەو کەسە لەکۆی هەشت دەرفەتی بەردەمیدا تەنها یەك جار هەڵبژاردنی ڕاست هەڵدەبژێرێت ( بۆ نموونە، یەك دانە دەردەهێنێت لەو هەشت دانەیەدا کە کامیان ڕاستە واتە : ($\frac{1}{2} \times \frac{1}{2} \times \frac{1}{2}$ ). کەواتە، گریمانەی هەڵبژاردنی ڕاست لەو سێ بارودۆخەدا کەم دەبێتەوە بۆ تەنها یەك جار لەو هەشت جارەدا. بۆیە دەبێت بزاندرێت کە هەر کاتێك ژمارەی بارودۆخەکان زیادی بکات، ئەوە دەرفەتی هەڵبژاردنی ڕاست کەم دەبێتەوە، ئەم دوو دیاردەیەش بە پێچەوانەی یەکتری گونجاوو شیاوون.

کەواتە با ئێستا ئەم نموونەی سەرەوە لەسەر بارودۆخەکانی قورئاندا جێبەجێ بکەین. ئەگەر هاتوو یەکێك لیستێك بکات بۆ هەموو ئەو بابەتانەی کە قورئان بە ڕاستیان دادەنێت، ئەوە زۆر بەئاشکرا ڕوون دەبێتەوە کە ئەو بابەتانە زۆر بە ناحەزی ئەو کەسە هەموویان ڕاستن و بە کوێرانەش هەڵبژدراوون. لەڕاستیدا، ئەو بابەتانەی کەلە قورئاندا ووتووێژیان لەسەر کراوە ژمارەیان یەکجار زۆرە ( هەندێك لەو بابەتانە کراون بە لیست لە قورئان و زانستی ئەکادیمدا ) بۆیە، ئەو کەسەی کەلە خۆیەوە گریمانە بۆ ئەو بابەتانە دەکات، ئەوە ئەو گریمانەی پوچ و بێمانایە. ئەگەر هەزارەها

**ڕێگا هەبێت بۆئەوەی قورئانی بەهەڵە بزانێت، ئەوە تەنها یەك ڕێگا لەو ڕێگایانە ڕاست بێت، ئەوكات ڕقیان لە هەڵبژاردنی ئەو كەسە دەبێتەوەو بەڕاستی دانانێن.**

**ئەو سێ بابەتەی ( نمونەی ) خوارەوەش كەلە قورئاندا ئاماژەیان بۆ كراوەو باسكراوون، بە تەواوەتی دەیسەلمێنن كە چۆن قورئان هەمیشەو بەردەوام ئەو گریمانانە تێك دەشكێنێت.**

## مێینەی مێشهەنگووین :

**لە قورئانی پیرۆزدا، لە سورەتی ﴿ النحل – ٦٨ – ٦٩ ﴾ ئاماژە بەوە كراوە كە مێینەی مێشهەنگووین شانەكەی خۆی بەجێ دێڵێت تاوەكو خۆراك كۆبكاتەوە. ئەو كەسەی ئەمە هەڵدەسەنگێنێت، دەڵێت : " ئەو مێشهەنگووینەی كە دەیبینیت دەفڕێت بە دەوری خۆیدا، لەوانەیە نێرینە بێت یاخود مێینە بێت، بە هەڵسەنگاندنی خۆم پێم وایە مێینەیە ". بێگومان ئەو كەسە لە دوو بارودۆخدا تەنها یەك دەرفەتی هەیە كە هەڵسانگاندنەكەی ڕاست بێت. كەواتە، دەكرێت قورئان ڕاستی فەرمووبێت، هەروەها دەكرێت ڕووبدات كە زۆربەی خەڵكی باوەڕیان بەمە نەبێت هەرلەو كاتەی كە قورئان ئاماژەی بۆ كردووە، ئایا دەتوانی جیاوازی نێوان مێینە و نێرینەی مێشهەنگووینمان بۆ دیاری بكەیت و پێمان بڵێیت ؟ لە ڕاستیدا، ئەم بابەتە پێویستی بە هەبوونی پسپۆڕی هەیە، بەڵام دۆزراوەتەوە كە مێشهەنگووینی مێینە هەرگیز شانەكەی خۆی جێناهێڵێت بۆ كۆكردنەوەی خۆراك، هەروەها لە شانۆگەریەكەی شكسپیردا بەناوی ( هێنری چوارەم ) هەندێك لە شانۆكارەكان ووتووێژیان دەربارەی مێشهەنگووین دەكەردو و دەیانگووت : مێشهەنگووینەكان سەربازن و پادشایان هەیە. ئەمەش بیروباوەڕی خەڵكی بووە لەسەردەمی شكسپیردا، پێیان وابووە كە ئەگەر مێشهەنگووینە نێرینەكان كەسێكیان دیتبا لە دەوروبەری شانەكەیاندا، ئەوە لە دەوری ئەو كەسەدا دەسورانەوەو چاودێریان دەكرد، دواتر دەگەڕانەوە بۆ ناو شانەكانیان و وەڵامیان بۆ پادشاكەیان دەهێنا. بەڵام، ئەو چیرۆكە بەتەواوەتی ڕاست نیە، بەلكو ڕاستیەكە ئەوەیە كە ئەو مێشهەنگووینانە مێینەن، ئەوانە وەڵام بۆ شاژنەكەیان دێنن. لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا، تاكو ئێستاش، لێكۆڵینەوە زانستیەكان دەریان خستووە كە بارودۆخەكە بەم جۆرەیەو ڕاستە.**

**كەواتە لە ئەنجامدا، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ لیستی ئەو گریمانەو خەملاندنانە كە پەیوەستە بە بابەتەكانی مێشهەنگووینەوە، ئەوە دەبینین قورئان وەكو یەك دەرفەتی ڕاستی بۆ داناوە، ئەو گریمانانەش تەنها یەكی ڕاستە لەو دوو دەرفەتەدا.**

## خۆر :

**سەرەرای بابەتی مێشهەنگووین، قورئان باس لە خۆریش دەكات لەگەڵ شێوازی سوڕانەوەی بەناو بۆشایی ئاسماندا. جارێكی دیكەش یەكێك دەتوانێت گریمانە لەسەر ئەو بابەتەدا بكات. كاتێك خۆر بەناو بۆشایی ئاسماندا دەسوڕێتەوە ، ئەوە دوو گریمانە ( هەڵبژاردن ) هەیە، ئەو دوو گریمانەش ئەوەیە كە یان بەناو بۆشاییدا تێدەپەڕێك هەروەك چۆن بەردێك تێدەپەڕێت كاتێك كە دەهاوێژرێت، یانیش بە شێوەیەكی گونجا و ڕێكوپێك بەناو بۆشاییدا تێدەپەڕێت. قورئان باس لە دووەهەمین هەڵبژاردن دەكات كە خۆر لە ئەنجامی جولەی تایبەتی خۆی بەناو بۆشایی ئاسماندا تێدەپەڕێت ﴿ س – الانبیاء - ٣٣﴾. بۆ ئەنجامدانی ئەو كارەش، قورئان ووشەی ( سبح )ی بەكارهێناوە بۆ وەسف كردنی جولەی خۆر بەناو بۆشایی ئاسماندا. جا بۆئەوەی بە شێوەیەكی جوان مانای تەواوی ئەو ووشە عەرەبیە ئاڵۆزە لێك بدەینەوە بۆ خوێنەر، ئەوە ئەو نمونەی خوارەوە دەهێنینەوە :**

ئەگەر كەسێك لەناو ئاودا بێت وە بمانەوێت ووشەی (سبح ) بەسەریدا جێبەجێبكەین لەو جولانەوەی كە لەناو ئاوەكەدا دەیكات، ئەوە وا دەزاندرێت كە ئەو كەسە مەلە دەكات وەبە شێوازی تایبەتی خۆی دەڕوات نەك لەئەنجامی پاڵە پەستۆی هێزێكی ڕاستەوخۆ بەسەریدا. بۆیە، كاتێك ئەم ووشەیە بەكار دەهێندرێت وەكو ئاماژەیەكە بۆ جۆلانەوەی خۆر بەناو بۆشایی ئاسماندا..... ئەوەش مانای وایە كە خۆر بە نۆرە دەخولێتەوە بەناو بۆشاییدا. بۆیە، ئەمەش هەر ئەو بابەتەیە كە قورئان جەختی لەسەر كردۆتەوە، بەڵام ئایا بابەتێكی ئاسانە بۆ دۆزینەوە ؟ وە ئایا هیچ كەسێكی ئاسایی دەتوانێت بڵێت كە خۆر دەخولێتەوە ؟ تەنها لەسەردەمی پێشكەوتنی ( تەكنەلۆجیادا ) تواندرا ئامێری زانستی وا دروست بكرێت و هەبێت بۆ پیشاندانی وێنەكانی خۆر بە ڕێكوپێكی، ئەوكات ئەو كەسانە توانیان سەیری خۆر بكەن بێ ئەوەی كوێریان بكات. هەروەها لە ئەنجامی ئەو پێشكەوتنەشدا تواندرا ئەوەش بدۆزرێتەوە كە نەك تەنها پەڵە لەسەر خۆردا هەیە، بەلكو ئەوەش دۆزرایەوە كە ئەو پەڵانە لە هەر بیست و پێنج ڕۆژێكدا یەك جار دەجولێنەوە. ئەو جۆلانەوەیەش ئاماژەیە بۆ خولانەوەی خۆر بەدەوری چەقەكەی خۆیدا وە بەتەواوەتی دەیسەلمێنن كە خۆر دەسوڕێتەوە بەناو بۆشایی ئاسماندا، ئەمەش پێش (١٤٠٠) ساڵ قورئان ئاماژەی بۆ كردووە.

كەواتە، ئەگەر دووبارە بگەڕێینەوە بۆ بابەتی گریمانەو هەڵسەنگاندن، ئەوە گریمانەی ڕاستی لەبارەی ئەو دوو بابەتەدا - ڕەگەزی مێشهەنگووین و جولانەوەی خۆر – یەك لە چوارە لەڕووی هەبوونی دەرفەتەوە !!!.

## كاتی وولاتان :

ئەگەر بێتو بگەڕێینەوە بۆ چواردە سەدە لەمەوبەردا، ئەوە لەوانەبوو خەڵكی شتێكی ئەوتۆیان نەدەزانی دەربارەی كاتی وولاتان. ئایەتەكانی قورئان جێگای سەرسوڕمانە دەربارەی ئەو بابەتە، كە ماناكەی ئەوەیە خێزانێك ژەمی نان خواردنی سپێدە دەخۆن لە كاتی ڕۆژهەلاتندا، كەچی لە هەمان كاتدا خێزانێكی تر خۆشی وەردەگرن لە ئاووهەوای شەودا، كە ئەمەش بەڕاستی شتێكی سەرسوڕهێنەرە. لەڕاستیدا، چواردە سەدە لەمەوبەردا، ئادەمیزاد نەیدەتوانی زیاتر لە سی (٣٠) میلدا زیاتر كۆچ بكات لە ڕۆژێكدا. بۆیە، بۆنمونە، مانگێكی پێدەچوو تا لە هیندستانەوە دەچوو بۆ مەغریب. جا لەوانەیە كاتێك كە نانی ئێوارێی دەخوارد لە مەغریبدا، ئەوە پێی وابوو كە ئەگەر ئێستا لە وولاتی خۆیان لە هیندستاندا بوونایە ئەوە هەم دیسان نانی ئێوارێیان دەخوارد. ئەمەش لەبەر ئەوەبوو كە نەیاندەزانی لە ئەنجامی پرۆسەی كۆچكردندا، بەناو كاتی وولاتاندا دەسوڕێنەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی پەروەردگار هەموو شتێك دەزانێت ( العلام )، ئەوە قورئان دان بەو دیاردەیەدا دادەنێت.

لە یەكێك لە ئایەتە گرنگەكاندا ئاماژە بەوە كراوە كاتێك كە دنیا كۆتایی پێ دێت و ڕۆژی لێپرسینەوە دادێت، هەموو شتێك یەكسەرو دەسبەجێ ڕوودەدات. جا ئەو كردارە خێرایەش هەنێك خەڵك لە كاتی ڕۆژدا دەگرێت وە هەندێكیشیان لە كاتی شەودا دەگرێت. ئەمەش بە ئاشكرا ژیری و دانایی پەروەردگار دەسەلمێنێت و دەری دەخات كە خوا پێشتر ئاگاداربووە بە هەبوونی كاتی وولاتان پێش ئەوەی ئەو داهێنانە هەبێت پێش چواردە سەدە لەمەوبەردا. بێگومان ئەو دیاردەیەش شتێكی بەرچاو نیە لە پێش چاوی یەكێك یاخود لەئەنجامی تاقیكردنەوەی ئەزموونی كەسێك بێت، بەلكو ئەو ڕاستیە خۆی لەخۆیدا بەسە بۆ سەلماندنی ڕاستیەتی قورئان.

# کۆتایی :

دواجار گەڕانەوە بۆ بابەتی گریمانەو هەڵسەنگاندن بەمەستی ئەو نمونانەی کە لەسەرەوەدا ئاماژەیان بۆکراوە، ئەو گریمانانەی کە کەسێك بەڕاستی هەڵیسەنگاندووە دەربارەی ئەو سێ بابەتەی کە باسکران- ڕەگەزی مێشهەنگووین و جولانەوەی خۆر و هەبوونی کاتی وولاتان- ئەوە تەنها یەك لە هەشت جارە.

بێگومان کەسێك دەتوانێت بەردەوام بێت لەسەر ئەو بابەت و ئەم بابەتدا، لیستێکی دوورو درێژ دروست بکات بۆ ئەو گریمانانە. بە دڵنیایشەوە گریمانەکان زۆر زیاتر دەبن لەگەڵ زیادبوونی ئەو بابەتانەی کە ئەو کەسە دەیەوێت هەڵیان بسەنگێنێت، بەڵام ئەو شتەی کە ئەو کەسە ناتوانێت نکۆڵی لێبکات ئەوەیە کە ئەو گریمانانەی کە محمدی (د.خ) نەخوێندەوار بەڕاستی و دروستی خەملاندویەتی دەربارەی هەزارەها بابەت، کە هەرگیز بۆ جارێکیش بێت هەڵەی تێیاندا نەکردووە، ئەوە ئەو گریمانانە زۆر بەرزو پڕبەهان کە دەبێت هەموو ئەو بیردۆزانە بەتەواوەتی لابدات کەبۆ ڕاستێتی و دانانی قورئان بوونیان هەیە. هەتا ئەگەر بێتو ئەو بیردۆزانە لەلایەن سەخترین دوژمنانی ئایینی ئیسلامیشەوە بێت !.

لەڕاستیدا، قورئان پێشبینی کردووە بۆ ئەو جۆرە ڕووبەڕووبوانە. گومانی تێدانیە کە ئەگەر بێتو یەکێك بچێتە ناو پارچە زەوی کەسێکی ترو پێی بڵێت : " من باوکت دەناسم و چاوم پێکەوتووەو دیومە " . ئەوە لەوانەیە ئەو پیاوەی کەلە ناو زەویەکەدایە گومانی لە ووتەکانی ئەو کەسە هەبێت و پێی بڵێت : " تۆ تەنها هاتووی بۆ ئێرە، چۆن دەکرێت باوکم بناسیت ؟ لە ئەنجامی ئەوەدا پرسیاری لێدەکات: پێم بڵێ، باوکم پیاوێکی چۆنە، بالآ بەرزە، کورتە، سەروسیمای ڕەشە، زەردە ؟ بە کێ دەچێت و چۆنە ؟ بێگومان ئەگەر مێوانەکە هەموو پرسیارەکان بە ڕاستی وەڵام بداتەوە، ئەوە هیچ گومانێك لەسەری نامێنێت، بەڵام پێی دەڵێت : من وا دادەنێم کە تۆ باوکم دەناسیت ، بەڵام نازانم کە تۆ چۆن باوکم دەناسیت، بەڵام پێم وایە تۆ ئەمە دەزانیت ! "

ئەم بارودۆخەش هەمان بارودۆخی قورئانە. قورئان ئاماژە دەکات بەوەی کە ئەو قورئانە سەرچاوەی گرتووە ( لەلایەن کەسێکەوە هاتووە ) کە دروستکەری هەموو شتێکە. کەواتە هەموو کەسێك مافی خۆیەتی بڵێت : چۆن باوەڕ بەمە بکەم ! جا ئەگەر دانەری ئەو قورئانە بەڕاستی سەرچاوەی ژیان و هەموو شتێکی ئاسمان و زەویدا بێت، ئەوە دەبێت هەموو شتێك بزانێت دەربارەی ئاسمان و زەوی. هەردبێت هەموو کەس هەمان ئەو ڕاستیانە بدۆزنەوە دوای لێکۆڵینەوە لە قورئاندا. جگە لەمەش، ئەو شتەی کە هەموومان بە دڵنیایەوە دەیزانین ئەوەیە کە ناکرێك هەموومان پسپۆڕو شارەزا بین بۆ شکردنەوەو لێکدانەوەی ئەو بابەتانەی کە قورئان جەختی لەسەر کردۆتەوە. باوەڕی ئەو کەسەش زیاتر دەبێت مادام بەردەوامە لەسەر تەئکید کردنی ئەو ڕاستیانەی کەلە قورئاندا ئاماژەیان بۆکراووە. وە دەکرێت هەموو کەس ئەو لێکۆڵینەوانە لەسەر بابەتەکانی قورئاندا بکات لە هەر کاتێکی ژیانیدا بێت.

خوای گەورە هەموو کەس ڕێنمویی بکات بۆسەر ڕێگای ڕاست .

# پاشکۆی یەکەم -١-

ئەندازیارێك لە زانکۆی تۆرۆنتۆدا ئارەزوی زانستی دەروونناسی بوو وەهەندێك بابەتیشی لەسەر ئەو زانستە خوێندبۆوەو لێکۆڵینەوەی لەسەر کردبوو، ناونیشانی لێکۆڵینەوەکەشی بریتیبوو لە ( چالاکی و توانای وتووێژی دەستە دەستەو گروپ ). مەبەست و ئامانجی لێکۆڵینەوەکەشی بریتیبوو لە دۆزینەوەی تواناو بەهرەی خەڵکی لەو کاتەی کە بەشێوەی گروپ گروپ و بەکۆمەڵ گفتوگۆ ئەنجام دەدەن، جا ئەو گروپە لە دوو کەس پێك هاتبێت، یاخود سێ کەس بێت یانیش دە کەس بێت.....هتد. ئەو هێلکاریەی کە بەدەستی گەیشت لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەیدا، لە هەندێك شوێندا هێلکاریەکە بەرزو نزم دەبۆووە، بەڵام لە گروپی دووکەسیدا گەیشتە بەرزترین خاڵ، لەمەشدا بۆی دەرکەوت کە خەڵك زور بە تواناو بەهرەدارن لەو کاتەی کە بەدوو قۆڵی ( گروپی دوو کەسی ) گفتوگۆ لەگەڵ یەکتریدا دەکەن. بێگومان ئەو دۆزینەوە و دەرئەنجامەش شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو بۆ ئەو ئەندازیارە، بەڵام ئەو لێکۆڵینەوەیە، ئامۆژگاریەکی زۆر کۆنە کەلە قورئاندا هاتووە لە سورەتی ﴿ سبأ – ٤٦ - ﴾ :.

" پێیان بڵێ ( ئەی پێغەمبەر ) : بەڕاستی من یەك ئامۆژگاری ئێوە دەکەم، کە بۆ خوا و لەبەر خوایە، دوو قۆڵی یان بە تەنهایی هەڵوێستە بکەن، پاشان بیر بکەنەوە..... " .

# پاشکۆی دووەم -٢-

لە هەشتاو نۆهەمین سورەتی قورئاندا ﴿ س – الفجر – ٧ - ﴾ باسی شارێکی دیاریکراو دەکات بە ناوی ( ئیرەم – واتە شاری ستوونەکان- ) ، ئەو شارە لە مێژووی کۆندا نەناسراوەو بوونی نەبووە بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە مێژوناسەکان پێوەی خەریك بوونە. بەڵام لە دیسەمبەری ساڵی ١٩٧٨ دا پەرتووکێکی جۆگرافیای نەتەوەیی هەندێك زانیاری گرنگو بەسوودی بڵاوکردەوە کە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە لە ساڵی ١٩٧٣ دا لە شاری ( ئەلبا )ی سوریادا دەستکرا بە گەڕان بە دوای پاشماوە کۆنەکان. لە ئەنجامدا دەرکەوت کە ئەو شارە زۆر کۆنەو مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ( ٤٣ ) سەدە لەمەو بەردا، بەڵام ئەمە بەشی هەرە سەرسورهێنەری ئەو شارە نیە، بەڵکو لێکۆڵێرەوەکان لە کتێبخانەی شاری ئەلبادا تۆماری ( سجل )ی هەموو شارەکەیان دۆزیەوە کە دەری دەخات خەڵکی ئەلبا کاری بازرگانیان کردووە. جا باوەڕ بکەیت یاخود نا، لە لیستێکی تۆمارەکەدا ناوی شاری ئیرەم هاتووە. وە خەڵکی ئەلباشی کاری بازرگانیان لەگەڵ خەڵکی ئیرەمدا ئەنجام داوە. لە کۆتاییدا داوات لێدەکەم کە بە ووردی سەرنجی ئەو ئایەتەی خوارەوە بدەیت :

" خوانەناسان ( وا دیارە قورئان بە بەڵگە دانانێن بۆیە ) دەڵێن : باشە چی دەبوو ئەگەر نیشانەو بەڵگەی لەلایەن پەروەردگاریەوە بۆ ڕەوانە بکرایە ؟ تۆش ئەی پێغەمبەر لەوەڵامیاندا بڵێ : موعجیزەو نیشانەو بەڵگە بەدەست خوا خۆیەتی و من تەنها ئاگادارکەرەوەو بێدارکەرەوەیکی ئاشکرام بۆتان. بەڵام ئایا بەس نیە بۆیان کەبە ڕاستی ئێمە قورئانمان دابەزاندووە بۆت، وەبەسەریاندا دەخوێندرێتەوە ؟ بێگومان لە قورئاندا ڕەحمەت و یادەوەری ئاشکرا هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە باوەڕ دەهێنن " ﴿ س – العنکبوت – ٥٠ – ٥١ ﴾.

# ســــــــــــــــــەرچــاوە

**هەروەك خۆی كەلە  پەرتووكەكەدا هاتووە :**

The Holy Quran," Text, Translation and Commentary by Abdullah Yusuf Ali, 1934. (Latest Publisher: Amana Publications, Beltsville, MD, USA; Title: "The Meaning of the Holy Quran," 1992). Includes subject index.

The Meaning of the Glorious Koran," An Explanatory Translation by Mohammed Marmaduke Pickthall, a Mentor Book Publication. (Also available as: "The Meaning of the Glorious Koran," by Marmaduke Pickthall, Dorset Press, N.Y.; Published by several publishers since 1930).

"The Bible, The Quran and Science (Le Bible, le Coran et la Science)," The Holy Scriptures Examined in the Light of Modern Knowledge, by Maurice Bucaille, English version published by North American Trust Publication, 1978.

"The Amazing Quran," a lecture delivered by Dr. Miller, was published as a booklet by AQPH.

**Posted by the permission of AQPH**